


تەوەری

(نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)

# پانۆرامای (ڕەهەند)

## ئامادەکردنی: ژنەفتن

ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

## بەشی یەکەم

ماڵپەڕی ژنەفتن لە دەســــتپێکی تەوەرێکیدا لەبارەی (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)؛ بە پێویســــتی زانی پانۆرامایەک لەســــەر بڵاوکراوە و چالاکییەکانی نێوەندی ڕەهەند ئامادە بکات. لە پانۆرامەکەدا پێشــەکی (خۆیان ناویان ناوە هەڵوێســتە)ی هەموو ژمارەکانی ڕەهەند تایپ کراوەتەوە لەگەڵ پێرســــتی بابەتەکانی هەموو ژمارەکان و دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارانە. تێبینی دەکەن کە لە دەستەی نووسەران و شیوازی کارکردن لە هەندێ لە ژمارەکاندا گۆڕانکاری کراوە. بە هیچ شــێوەیەک دەســتکاری ڕینووس نەکراوە و تەنیا تایپ کراوەتەوە.
ئەمەی بەردەستتان بەشی یەکەمە لەو سێ بەشەی پانۆراماکە.

## ژمارە ١٩٩٦/١

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبوار سیوەیلی، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەلکەوت عەبدوڵڵا)

## ناواخن

## شەڕی ناوخۆی کوردستانی باشوور

هەڵوستەیەک

| | |
|---|---|
| شەڕ-حیزب: سڕینەوەی کۆمەڵگای شارستانی | ن: ڕێبین ئەحمەد هەردی |
| شەڕی ناوخۆ: خێڵ-حیزب-سیاسەت | ن: مەریوان وریا قانع |
| هەڵوەستەیەک لەئاست شەڕی نێوخۆی کوردستاندا | ن: هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| کۆمەڵگەی پرسە | ن: بەختیار عەلی |
| گفتوگۆیەکی سارد لەمەڕ جەنگێکی گەرم | ن: خەلات عومەر |
| کولتووری تەور | ن: ڕێبوار سیوەیلی |
| نەتەوە و گروپە ستراتیژییەکانی | ن: ئاراس فەتاح |

## هەڵوەستەیەک

ئاشکرایە لەم ساڵانەی دواییدا ژیانی ڕۆشنبیریمان پەرتوبڵاوییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، یەکێک لە دەرکەوتەوکانی ئەم واقیعە ڕۆشنبیرییەش، لەدایکبوون و مردنی کتوپڕی ژمارەیەکی دیاری گۆڤار و ڕۆژنامەی بەرهەمهێناوە. دوور لە هەموو هەڵسەنگاندنێکی فیکری بۆ ناوەڕۆک و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێبازی ئەو بڵاوکراوانە، دەتوانین بڵێین جگە لە چاپەمەنییانەی حیزب و ڕێکخراوەکان دەریدەکەن، هیچ یەکێک لەو کۆششە ڕۆشنبیرییە سەربەخۆیانەی دی نەیانتوانیوە بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پشتبەستوو بە زەمینەیەکی پتەو، بەشێوەیەکی گونجاو دەربچن و بەردەوامبوونی خۆیان بپارێزن. هەڵبەتە لەپاڵ چەندان هۆی ڕۆشنبیری و دارایی و سیاسی، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کوردی پێوەی دەناڵێنن، ڕستێک هۆکاری دیکەش هەن کە یەکانگیریی ناوەکی ناو ڕۆشنبیریی کوردی دەخەنە بەر مەترسییەوە، لەوانە کۆچی ژمارەیەکی لەبەرچاوی تواناو بەهرە ڕۆشنبیرییەکان بۆ دەرەوەی کوردستان و بوونیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری دوورەوڵاتی. ئەم هەلومەجە تازەیەی ناو واقیعی ڕۆشنبیریشمان بەپێویست دەرکەوت و دیاردەی ڕۆشنبیریی تایبەت بەخۆی دروستدەکات.

گومانی تیدا نییە بوونی زیاد لە گۆڤارێک و پتر لە سەکۆیەک (منبر)، نیشانەیەکی پۆزەتیڤانەیە (ئیجابییە) لە ڕەوتی هەر ڕۆشنبیرییەکدا، بەڵام لەو هەلومەرجە سەختەی ڕۆشنبیران و ڕۆشنبیریی کورد ئێستا ڕووبەڕوویبوونەتەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نوێ، کۆکردنەوەی هەوڵ و کۆششە جیدییەکانی ناو پانتایی ڕۆشنبیریمانە لە یەک یەکە و لەیەک پرۆژەی بڵاوکردنەوەدا کە سیما و کارەکتەر و دەنگی تایبەتو سەربەخۆی خۆی هەبێت.

دیارە هەردوو گۆڤاری (ئازادی) و (یەکگرتن)یش، وەکو دوو دەرکەوتەی ڕۆشنبیریی کوردی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان بێبەش نەبوون لەو گرفت و تەنگوچەڵەمانەی ناو ڕۆشنبیریی کوردی، بەڵکو دەتوانین بلێین تەنگوچەڵەمەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی

ئەو دوو گۆڤارە لە تەنگوچەڵەمەی هەندێ گۆڤاری دیکە گەورەتر و بەرچاوتربووە. چونکە سەرچاوەی سەرەکی ڕاپەڕاندن و داراییکردن و بڵاکردنەوەیان، هەر خودی نووسەران و خوێنەرانی هەردوو گۆڤارەکە بوون.

ئاشکرایە گۆڤارێکی وەکو (یەکگرتن) لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە شوێنی لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردیی دوورەوڵاتیدا، شوێنێکی بەرچاوە. چاوخشاندنێک بەو ژمارانەی لەم سالانەی دواییدا دەرچوون سەلمێنەری ئەوەیە (یەکگرتن) کۆکەرەوەی جیدیترین ئەو قەڵەمانە بووە کە لە کایەی ڕۆشنبیریی دوورەوڵاتیدا کاری ڕۆشنبیرییان ئەنجامداوە. گۆڤاری (ئازادی)یش لە ڕاپەڕیندا و دوای ڕاپەڕین دەنگێکی تایبەتی و دیاربووە و نوسەرەکانیشی بە تەنیا لەسەر لاپەڕەکانی (ئازادی)یەوە نەهاتوونەتە قسە. بەڵکو چالاکییەکانیان لە سازدانی چەندەها هەفتەی ڕۆشنبیریی و سیمناریشدا خۆی بینیوەتەوە.

ئەمڕۆ، لەپاش نیشتەجێبوونی زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (ئازادی) لە ئەوروپا، لە دوای نزیکبوونەوەیەکی ڕوون لە میتۆدە (منهج) و ویستی ڕۆشنبیرییەوە، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو گرفت و تەگەرانەی ڕووبەڕووی هەردوو گۆڤارەکە بوونەتەوە و بە مەبەستی بەردەوامبوون و ئامادەبوونێکی ڕۆشنبیرییانە، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات و پێکەوە گرێدانی هەوڵەکان، دوو دەستەی سەر بە هەردوو گۆڤارەکە لە سەرەتای مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٥دا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر باری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە دوورەوڵاتی، کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان لە شاری (فرانکفۆرت)ی ئەڵمانیا سازدا. لە دەرئەنجامدا ویستەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە گۆڤارێکی نوێ بەناوی (ڕەهەند)ەوە [بعد- Dimension] دەربکرێت، نەک بۆ ئەوەی بەتەنیا وەکو ناوێکی نوێ بچێتە بری هەردوو گۆڤاری ناوبراو؛ بەڵکو ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نوێ. ئاشکرایە ئاڕاستەی هەردوو گۆڤارەکە لەمەوبەریش کارکردنێک بووە بەرەو ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە نوێیە. ئەمەش لە ژمارەکانی ڕابردووی هەردوو گۆڤاردا ڕەنگیداوەتەوە.

شتێکی بەڵگەنەویستە ئامانجی هەموو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نوێ، کاتێک چرکەساتی بوونی خۆی بە جیهانی دەرەوە ڕادەگەیەنێت، کارکردنە لە کایە ڕۆشنبیرییەکاندا و لەوێشەوە دیاریکردنی ڕەهەندێکی ڕۆشنبیرییە کە دەشێ تا ساتەوەختی دەرچوونی خۆی، پانتاییەکی پڕنەکراوەبێت. ئا لێرەدا ئامانجی (ڕەهەند) ئەوەیە ببێتە گۆڤارێکی

سەربەخۆ و کراوە بۆ هەموو دەقێکی جیدی و تەقەلای تیۆری و وەرگێڕان، ئەمانەش لە بوارە فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و و سیاسی و ئەدەبییەکاندا.

بەمانایەکی تر، (ڕەهەند) گەرەکێتی لەسەر بنەمای "کاری پێکەوەیی" پێکهاتەیەکی نوێ دروستبکات، پێکهاتەیەک کە هەمەڕەنگی و جیاوازی لەخۆدەگرێت، لێرەشەوە یەکێک لە مەبەستەکانی دروستکردنی ڕەوتێکی نەپساوە کە بڕوای نووسەران و خوێنەران بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، تا لەسەر ئەو بنەمایە زەمینەیەک لە داهاتوودا بۆ دامەزراندنی نێوەندێکی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بڕەخسێنێت. ئەمەش بۆ خۆی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینی جیهانی ڕۆشنبیری و خۆناساندنیش بەو جیهانە، ببێتە دەزگایەک بۆ ڕزگارکردنی بەرهەمگەلێکی چاپنەکراوی گەلێ زۆر لە فەوتاندن و لەیادچوون و ئاگادارکەرەوەیەکی چالاکی جیهانی ڕۆشنبیری لە دۆخی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کورددا. کە بۆخۆی ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسیی هەموو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرییە. بۆیە هیواداریین هەموو ئەو نووسەر و خوێنەر و دەزگایانەی بڕوای خۆیان بە (یەکگرتن) و (ئازادی) بەخشیووە. بەدڵنیاییەوە بڕوای خۆیان ببەخشنەوە بە (ڕەهەند) و بە پرۆژەیەکی نوێی خۆیانی بزانن. هەروەکو چۆن ئومێدمان وایە ئەم هەنگاوە گوڕێک بێت بۆ کەنالیزەکردنی زیاتری هەوڵەکان و ڕزگارکردنیان لە پەرشوبڵاوی و کۆکردنەوەی توانای ڕۆشنبیریمان و چەقبەندکردنی لەم پرۆژەیەدا.

(ڕەهەند) دەخوازێت وەکو گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تیۆری و کلتوور و ڕاڤەکردن خۆی بناسێنێت. گۆڤارێک کە بایەخی تەواو دەدات بە هەوڵی قەڵەمە کوردییەکان بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و دەروونی لە کوردستاندا. واتە پرنسیپی سەرەکی گۆڤارەکە، کردنەوەی دەرگایە لەسەر ئازادیی خوێندنەوەی زانستیانەی کورد بۆ خۆی، بەبێ هیچ تابۆیەکی سیاسی یان ئایینی یاخود ئایدیۆلۆژی.

(ڕەهەند) خوازیارە ئاوێنەی ئەو هەڵوەستەیە بێت کە لە ڕێگایەوە قەڵەمە کوردییەکان لە بوونی خۆیان دەڕوانن، ئەمەش لە کاتێکدا لەبەر دەرگاکانی سەردەمێکی نوێدا دەوەستن و واقیعی خۆشیان لە بارێکی فەلاکەتباردا دەبینن، کە لە سەختترین ساتی دارمانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیدا دەژی.

بۆ پێکۆڵکردنی ئەم واقیعە، بەتەنیا ناساندنی فیکری خۆرئاوا و خۆرهەڵات لە بوارە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا نابێتە ویستی ڕۆشنبیریی (ڕەهەند)، بەڵکو هەوڵدان بۆ

پەڕینەوە لە ئاستی خستنەڕووی نیگەتیڤانەی ئەو تیۆری و میتۆدانەی بۆ خوێندنەوەیەکی ڕخنەگرانەتر و خوێندنەوەی تایبەتی نووسەری کورد بۆ خۆی و بۆ جیهان و بەشداربوون و ئامادەبوونی لەو دیالۆگە فیکرییانەدا کە ئەمڕۆ جێگای شەڕی فیکرین و دیاریکردنی شوێنەواری خۆی تیایدا، دەبێتە داوایەکی میتۆدەیی و ناوەڕۆکی لە (ڕەهەند)دا. بۆ ئەم مەبەستەش (ڕەهەند) بایەخێکی تەواو بە خوێندنەوەی نووسەرە کوردەکان لە کایە زانستییە جیاجیاکان بۆ واقیعی کوردستان و جیهان دەدات. لەگەڵ ئاوڕدانەوەی بەردەوام بۆ ئەو قەڵەمە نوێیانەی بەرهەمەکانیان بە بێدەنگ دەچنە پەراوێزی لەبیرچوونەوە و مافی خۆیان لە ناساندن و دیالۆگ و ڕەخنەدا وەرناگرن. لەپاڵ ئەم ویستەدا، تەرخانکردنی بەشێکی تایبەت بە وەرگێڕان و خوێندنەوەی فیکری خۆرئاوا و خۆرهەڵات و لە تەنیشتیەوە فەرامۆش نەکردنی ڕۆشنبیریی کوردی (دێرین و نوێ) و دەستکردن بە خوێندنەوەی نوێیان.

(ڕەهەند) دەیەوێت لەداهاتودا لە مەیدانی گرنگی ڕۆشنبیریدا و لەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کاریگەریی خۆیان لە ڕۆژئاوادا بەسەر فیکر و سیاسەتەوە بەجێدەهێڵن، ئامادەبێت و ڕیپۆرتاژ و فایلی تایبەت بۆ خوێنەری کورد ئامادەبکات، لەپاڵ ئەم ناساندنەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکاندا، (ڕەهەند) پەنجەرەیەکی تایبەت لەسەر بڵاوکراوە و کتێبە نوێ چاپکراوەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکاتەوە و بەشێوەی ڕانانێکی خێرا بە خوێنەرانی کوردیان دەناسێنێت.

بۆ ئامادەبوون لەناو پانتایی دیالۆگ سەبارەت بە ڕووداوە نوێکان، (ڕەهەند) هەڵدەستێت بە سازدانی چاوپێکەوتن و مێزی گرد و ڕاپرسی. بەشێوەی گفتوگۆ لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران و شارەزایان و بەستنەوەی ئەم دیالۆگەش لەگەڵ واقیعی ئاکتوێلی کوردستاندا. بەپێی کەسی بەرامبەری گفتوگۆ لەگەڵدا کراو.

ئێمە لەم هەلومەرجە سەختەدا کە واقیعی ڕۆشنبیریی کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە، لەو بارەدا کە تەنگوچەڵەمەی دارایی و دژوارییی کەناڵەکانی بڵاوکردنەوە و پەرتەوازەبوونی ڕۆشنبیران بوونەتە دەرکەوتێکی نوێ لەناو جیهانی ڕۆشنبیریماندا، ئەمانە هەموو پێکڕا بەرەیەکی کوشندەن بۆ پەکخستنی هەر گۆڤارێک. بۆیە وای دەبینین کە دەرکردنی دوو گۆڤار لە ئەمڕۆدا، نەک بەتەنیا کارێکی قورسە، بەڵکو دەشێ بۆ نووسەران و لێپرسراوان بەرهەمهێنەران و تەنانەت خوێنەرانی گۆڤارەکان ئەستەمیش بێت. ئەمە جگە لەوەی پەرشوبڵاوبوونەوەی هەوڵە فیکرییەکان بە پتر لە کەناڵێکدا زۆرجار وادەکات ئەو هەوڵانە

له ساتێکدا دەربکەون کە کاراکتەرێکی پێکەوەیی دروست نەکەن و نەبنە دەنگێکی دیار لەپاڵ هەمەڕەنگییاندا خەسڵەتی هاوبەشیان و ویستی هاوبەشیان و ئاڕاستەی میتۆدەیی و زانستی هاوبەشیان دەربکەوێت، بۆیە مەبەستی سەرەکی (ڕەهەند) گەیشتنە بە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی بەردەوام و هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەیەک کە بتوانێت وەرزیبوونی ژیانی خۆی بپارێزێت و پشووی درێژ نەکەوێتە نێوان هەنگاوەکانییەوە، هەڵبەت ئەمە بۆ گۆڤارێک کە سەرچاوەی داراییەکەی هەر خوێنەرەکانی بێت، کاریکی ئاسان نییە. ئەمە جگە لەوەی بنەمای سەرەکی ئەم گۆڤارە کۆکردنەوەی هەموو هەوڵە زانستییەکانە لە پرۆژەیەکدا. لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کە نوێگەری و کردنەوەی پانتایی تازە و تەقاندنەوەی پرسیار و شیکار و ڕاڤەی نوێ و لێکۆڵینەوە و ناساندنی کایە ڕۆشنبیرییە نوێکان ئامانجی بێت. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، (ڕەهەند) دەخوازێت ئامێزێکی کراوە بێت بۆ هەموو پێکەوە کارکردنیک لەگەل ئەو کەس و دەزگایانەدا کە لە بواری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا کار دەکەن و دەنوسن و وەردەگێرن و یارمەتیدەرن.

## ژمارە: ١٩٩٧/٢

## بابەتی ژمارە: شەڕی ناوخۆی کوردستان (بەشی دووەم)

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبوار سیوەیلی، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەلکەوت عەبدوڵڵا)

## لەم ژمارەیەدا:

هەڵوێستە

وێنەو تراژیدیا: بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح، مەریوان وریا لە مێزگردێکدا

فاروق ڕەفیق: ناسیۆنالیزم – کوردایەتی، "بەرەو پارادایمی نوێ"

گۆران بابا عەلی: ژیان.. مەرگی خودپەرستی

مەرتوان وریا: هاوکێشەکانی دەسەڵات، سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما

بەرزان فەرەج: شەڕی ناوخۆی کوردستان: مەرگی چەمکەکان، خوێندنەوەی تراژیدیایەکی تایبەت لە شکستی گشتدا

شەمال عومەر: "میتافیگور"و "دەسەڵاتی ڕەش"، هەوڵدانێک بۆ " سیناریۆ کێشانی " تابلۆ

بەختیار عەلی: ماکس ڤێبەر و دۆزینەوەی "بەهەشتی وون"

هەلکەوت عەبدوڵلا: سۆسیۆلۆژیای سیاسی، سیاسەت و دەوڵەت، جۆلیان درۆند.

ڕێبوار سیوەیلی: نموونەی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ: هەوڵدانێ بۆ ئاشنایی لەگەڵ پیر بۆردیۆدا...

ڕەهەند: چاوپێکەتنێک لەگەل (نصر حامد ابو زید)دا ، ئامادەکردنی: مەریوان وریا...

چەند لاپەڕەیەکی ڕەش لەوەهمی دیموکراسییەتدا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئامادەکردنی: بەرزان فەرەج...

## هەڵوێستە

لەم چرکە ســـــاتەداو لەپاش ڕووداوەکانی ئەمســــاڵەوە، هەســــت دەکەین ئێمە بە تەنها لەبەردەم جەســــتەیەکی ســــیاســــیدا نین کە لەســــەر دەســــتی حیزبەکان دەکوژرێت، جەستەیەک کە لە خەونی سیاسییەوە بوو بە وەهم، ئەو خەونە بەوەهمبووەی کە پێی دەگوترا (ئەزموونی دیموکراســــی و حکومەتە ســــــاواکەی کوردســــــتــان و هیوای بەنموونەییکردنی بۆ عێراق و، بگرە ســـــەرانســــەی ناوچەکەش)، بەڵکو ئێمە لەبەردەم چرکەساتێکی مێژووی ترسناکداین کە نەک بەتەنها یادەوەری مرۆڤی کوردی قرتاندووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا تیرۆری هەموو لێپرسراوێتییەکی سیاسیش دەگەیەنێت، کە دەبایە بەناو سیاسەتمەدارانی کورد دەرهەق بە کۆمەڵگا و تاکەکان هەیانبایە.

کـاتێک کە لە نـاو ســــیـاســــەتـدا زمـانی دیـالۆگ ونـدەبێت، ئەوا کۆی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەوێتە ناو کایەی شـــەڕ و ڕووبەرێکی ترســــناک لە وەحشــــەتگەری و تێکشــــکاندن بەرهەمدەهێنێت، جەنگ کۆمەڵگای کوردی فڕێدایە ناو چەندین دەمارگیری گروپی و حیزبی و ناوچەییەوە. ئا لێرەدا ئەو خوێنڕشتن و کوشتار و وێرانکردنەی کە لە دەرئەنجامی شــــەڕی ناوخۆی کوردســــتاندا ڕوویداو ڕوودەدات، بەتەنها تراژیدیایەکی ئەفسوناوی نیە بۆ خەونەکانمان، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی ترســــناک لە ســــایکۆلۆژیای مرۆڤی کورددا جێدەهێڵێت. ڕەهەندێک کە تێکشــــکاندن لە دیاردەیەکی کاتی و مێژووییەوە دەگۆڕێتە ســــەر هەقیقەتێکی هەتاهەتایی ناو مێژووی ئێمە کە نائومێدی لە نسکۆیەکی مەوزوعی تێپەڕەوە دەگۆڕێتە سەر سیمایەکی تایبەتی و خەســــڵەتێک لە خەســــڵەتەکانی کارەکتەری کوردی. کە بە جووتەش ئەم بوونەوەرە گەمارۆدراوەی کورد دەگۆڕنە ســــەرکەســــێکی شــــەڕانگێز، چونکی بێهیوایی هەمیشــــە دیاردەیەکی ترسناکی جەنگە.

دیارە ســــیاســــییەکان کاتێ هێندە شــــەیدای جەنگبن، بەجۆرێک کە لەپێناویا مرۆڤ و کۆمەڵگا و نەتەوە بکەن بە قوربان، لەم حاڵەتەدا جەنگ دەبێتە بوونەوەرێکی نەمری ناو کۆمەڵگا. ئەم کارەساتە مرۆییەش لە خۆدووبارەبەرهەمهێنانەوەی بەردەوامدایە، چونکی

مرۆڤ و کۆمەڵگا لە کوردستاندا شـەکەتی سیاسـەتی چەندین ساڵەی ڕژێمی بەعسـن و ئێسـتاش لە پاڵ تێکشـکاوی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. خەڵکی ماندووی شـەڕی چەندین سـاڵەی ناوخۆی کوردسـتانیشـن؛ ئەمەش، بۆخۆی زەمینەی لەباری بۆ حیزبە شـەڕخوازەکان ڕەخساندووە، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگایە مرۆڤی جەنگاوەر دروستبکەن و کۆمەڵگایەکی نا ئارام بەرهەم بهێنن. چونکی ئەگەر شـــەڕی ڕزگاریخوازیی گەلی ئێمە بەرهەمی توانای مرۆڤی کورد بووبێت لەسـەر خەوبینین، ئەوا شـەڕی ناوخۆ بەرهەمی ئیفلیجبوونی ئەو مرۆڤەیە لە خەوبینین. ئەگەر شـــەڕی ڕزگاریخوازیی جەنگاوەرێکی بە ئەخلاقیاتی ئومێدەوە دروستکردبێت، ئەوا شەڕی ناوخۆ مرۆڤێکی هێناوەتەوە مەیدان بە ئەخلاقیاتی نائومێدییەوە، مرۆڤیش کە بەبێ هیوایەکی تایبەت شـەڕیکرد، کوێر و نابینا و ناعەقڵانییە کە دەلالەتەکەشـی لە دابەزاندنی نرخی مرۆڤی ئێمەدا دەردەکەوێت لە مرۆڤی پێشـمەرگەوە بۆ مرۆڤی پیاوکوژ... نا هیچ هێزێک ناتوانێت سیمای ئەم ساتەی مێژووی ئێمە جوان بکات، کە تێیدا کورد لە میللەتێکی ئازادیخوازەوە بووەتە چەند خێڵێکی دڕندە کەبەبێ شەرم بەبەرچاوی جیهانەوە لەسەر مەیتی یەکتر هەڵدەپەڕن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردسـتانی باشـوور و بەشـداریکردنی یان پەلکێشـکردنی سـوپاکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان بۆ ململانێی کوردی-کوردی، جارێکی دی نەخشـەی هاوکێشـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و ناوچەکەی ئاڵوگۆڕپێکرد، ئاشـکراشـە سیاسـییە کوردەکان لەناو ئەم سـیناریۆ جیاوازانەدا نەوەکو سیاسـەتی سـەربەخۆ و نەتەوایەتیان نیە، بەڵکو جگە لە ڕۆڵی داشـــێکی بێئیرادە و بێدید هیچی دیکە نین. (داشـــڕۆڵ)ی ئەم سیاسـەتمەدارانە سـیاسـەتی کوردی کردۆتە شـانۆیەکی تاریک؛ شـانۆی ئەو قەرەقۆزە چکۆلانانەی پەنجەی کەسـانێک بێ ڕۆح دەسـت و قاچە نایلۆنی و بێئیرادەکانیان دەجوڵێنێت.

بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ململانێی باڵادەستێتییان لەسـەر لاشـەی مرۆڤی کورد و جەسـتەی کوردسـتاندا پیادەدەکرێت و هێزە کوردیەکانیش بوونەتە بەشـێک لە گەمە و ململانێی سـیاسـی و ئەمنی ئەو دەوڵەتانە و لەژوور ئەمانیشـەوە ڕۆڵی ئەندازیارانی سـیاسـیی ئەمریکی و ئەورووپی و ڕوسـی و ململانێی باڵادەسـتێتییان لە ناوچەکە، وەکو بکەری ڕاستەقینە لەولاوە بوەستێت.

شـەڕی ناوخۆی کوردسـتان تا ئەمڕۆ بەشـێوەیەکی نامەسـئولانە لەلایەن دووهێزە سـیاسـییە گەورەکەی کوردسـتانەوە بەردەوامی پێدەدرێت و زەنگە ترسـناکەکانیشـی

بەتەنها لە تەحالوفاتی سەربازی یان سیاسی ئەم دوو هێزە لەگەڵ دەوڵەتە تۆتالیتێرەکانی ناوچەکەدا خۆی بەرجەستەناکات، کە نموونە دزێوەکەی هاوکاری هێزەکانی سوپای بەعس بوو لەگەڵ پارتیدا و پاشان بەگۆڕەپانکردنی کوردستان بوو بۆ (جەنگی لەبری) نێوان عێراق و ئێران، دەرئەنجامەکانیشی دووبارە بە کوشتن و وێرانکردن و پاشان ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی کورد لە ترسی ئەزموونە تاڵەکانیان لەگەڵ ڕژێمدا، کۆتاییپێهات، بەڵکو لەپشت ئەم کردارانەشەوە هەرەسێکی ئەخلاقی بەدیدەکرێت کە وونکردن و لەدەستدانی هەموو لێپرسراوێتییە سیاسییەکانی لەخۆگرتووە.

گەر لە هەمەموو جەنگێکدا ئەو گوتەیە ڕاست بێت کە دەڵێت: یەکەم قوربانی جەنگ ڕاستییە. ئەوا لە کوردستان هەموو ڕۆژێک ئەو ڕاستییە دەکوژرێت کە مرۆڤی کورد بۆ بەدەستهێنانی شوناسێکی مرۆییانە و جێپێیەک لە نێو جیهانی سبەیدا، خەباتی لە پێناودادەکرد. بە دروستی دەزانین لێرەدا هەمان پرسیاری (ئەدۆرنۆ) بکەینەوە: ئایا هیوا بێهیوا دەکرێت؟

بەڵێ ئێمە گەلێک جار دەستخەڕۆی هیواکانمان بووین و هیواکانمان بێهیوا کران، بەڵام ئێمە جگە لە کوردبوون شوناسێکی تری سەر ئەم زەوییەمان نیە، ئەم شوناسەش، شوناسی مرۆڤگەلێکە کە لەدووی دابینکردنی هەلومەرجی ژیانێکی مرۆڤانە و پاشەڕۆژێکی دادپەروەرانە و ڕووناکدان. بەشداریکردن لە دروستکردنی ئەو زەمینەیەش ویستی ئێمەیە. بۆیە خۆبەستنەوەمان بەو شوناسە، بە خۆبەستنەوە دەزانین بەخەونی پاشەرۆژی جوانترەوە بۆ مرۆڤ بە گشتی. هەر لێرەوە بۆ ئەوەی هیوا بێهیوا نەبێت، دەبێت چەندە سیاسەتمەدارەکانمان لە خولقاندنی دزێویدا وەستابن، ئێمەش ئەوەندە لەخولقاندنی ئومێددا وەستابین، دیارە هیچ شتێکیش وەک (داهێنان) هیوا داناگیرسێت.

(ڕەهەند)یش پڕۆژەی خەونی ڕۆشنبیریی بەرینی کەسانێکە کە بە هیواوە چاویان بڕیوەتە ئایندە، ئەگەر خەونی ئایندە نەبێت، ئەوا دەبێت هەر زوو تەسلیمی ئەو هەقیقەتە کوشندانە بین کە دووبارەبوونەوەی خۆیان لە ناو پانتایی مێژووی کوردستاندا سەقامگیرکردووە و بێهوودەیی بەرهەمدەهێنن. بۆیە ئێمە خۆشحاڵین کە (ڕەهەند) لەناو گەمارۆی گرفتەکاندا و سەرباری هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتنە بەردەمی، شوناسی خۆی بەم دنیای کولتورییە پرخەونە ناساند، ئەگەرچی لەسەر زەوییەکی بوومەلەرزاویش بووبێت.

لەدایکبوونی (ڕەهەند) بێگرفت نەبوو. هەرچییەبێت ئێمە نیگەرانین کە وەکو ئومێدەواربووین، (ڕەهەند) لەکاتی خۆیدا چاوی بە دنیا هەڵنەهێنا، دیارە ئەمەش بەدەر نیە لەپێشبینی ئەو کێشانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم هەر پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی. چ لە کوردستان و چ لە تاراوگەدا، لەسەرووی هەمووشیانەوە گرفتی دارایی و بەچاپگەیاندن و کارە تەکنیکییەکان و بڵاوکردنەوە و ساغکردنەوە کە دیارە (ڕەهەند) سەرباری هەوڵی بەئەمەک و هاوکاری دڵسۆزانەی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی تاراوگە، کێشە ناوبراوەکانی لە هەر بڵاوکراوەیەکی دی گەورەترن، چونکی (ڕەهەند) سەرەڕای گرفتی تەنسیقی کارکردنەکانی لەگەڵ ناوەوەی وڵاتدا، پەرتەوازەیی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی لە تاراوگەشدا، کاری ڕاستەوخۆ زاڵبوونی بەسەر کۆسپەکاندا گرانترکرد و بۆیە هەر قۆناغێکی چاپ و ڕێکخستنی کەوتە ووڵاتێکەوە و بەجۆرێک کە (ڕەهەند) لە لە ئێستادا ئاوێنەیەکە و هەقیقەتی ژیانی کولتوریمان و ژیانی ڕۆشنبیران نیشاندەدات. دەشێت بگوترێت، ئێمە نەک تەنها خۆمان بەسەر مەنفاکاندا پەرشوبڵاوبووینەتەوە و بێنیشتمان ماینەوە. بەڵکو (ڕەهەند)یش بێنیشتمان لەدایکبوو، ئیدی لێرەوە هەڵەو کەموکورتییەکانیش سەرچاوەدەگرن. بۆیە (ڕەهەند)یش وێڕای هەوڵ و تەقەلای گەورە، بێبەرینەبوو لە بڕی هەڵەی چاپ و هەندێ ناڕێکی ڕێنووس و هەڵەی هونەری، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان چەندە پابەندی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەن، دەکرێ ئەوەندەش چاوەڕوانی لێبووردن و چاوپۆشییان لێبکەین؛ کە ئەمەش دەستکەوتیکی گەورەیە بۆ بەردەوامیێتیمان، چ لە تاراوگە و چ لە کوردستان، ئەمەش پاش بەدەستهێنانی ئەو پێشوازییە دڵخۆشکەرەی بەتایبەت لەلایەن خوێنەرانی ناوەوەی کوردستانەوە لێیکرا.

ئەم ژمارەیەی (ڕەهەند)یش دەکرێت بە بەردەوامیێتییەکی هەمان ڕەوتی ژمارەی پێشوو دابنرێت. جارێکی دی ئەم ژمارەیەمان بۆ بابەتی (شەڕی ناوخۆی کوردستان) تەرخانکرد، نەک بەتەنها لەبەرئەوەی کە لە ژمارەی یەکەمدا هەندێ لە بابەتەکان لەبەر هۆی نەبوونی جێگا و هەندێکی تریان لەبەر دواکەوتنیان لە کاتی خۆیدا، بڵاوکردنەوەیان کەوتە ئەم ژمارەیەوە. بەڵکو بەداخەوە لەکاتی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤارەکە و خۆئامادەکردن بۆ ژمارەی دوو، شەڕی ناوخۆی کوردستان نەک هەر نەتوانرا بە ئاگربەستێتی بمێنێتەوە، بەڵکو گەورەبوونی ڕووبەری شەڕەکە هەڕەشەی گەورەتری بۆ کوردستان و ناوچەکە دروستکرد.

دیارە وەستان لەسەر ئەم دۆخە کارەساتاوییە و لێکۆڵینەوەی میکانیزمە ناوەکییەکانی کە بەو جۆرە فۆڕمی بە سیاسەتی کوردی بەخشی و، دەرئەنجامە سەختەکانی بۆ سەر مرۆڤ و کۆمەڵگا، جارێکی دی دەبنەوە بابەتی ئەم ژمارەیەمان و لە داهاتووشدا ڕاڤەکردن و مشتومڕی زانستییانەی زۆرتر و بەرفراوانتر لەخۆدەگرێت.

وا (ڕەهەند) ژمارەی دووەمی دەخاتە بەردەستی ئێوە... وەکو درێژکراوەیەکی ئومێد، وەکو بەشێک لە جەستەی ئەو هیوایانەی کە دەبێت پێکەوە هەوڵبدەین کە چیدی تەنها هیوا نەبن. بۆ بەردەوامی دان بەم پڕۆژە ڕۆشنبیریەشمان، خوازیاری کۆمەک و بەشداریتانین.

**ژمارە ٣،٤**

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبوار سیوەیلی، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

## ناواخن

## تایبەت بە دەقی ئەدەبی


| | |
|---|---|
| هەڵوێستە | دەستەی نووسەران |
| ئەگەر.. ئەگەر...... | بەرزان هستیار |
| وەرزە ئاڵەکانی عەدەم | جەمال غەمبار |
| یەک پارچە شیعر | چۆمان هەردی |
| چڵەسێبەرێکی شکاو | دلاوەر قەرەداغی |
| مێدیتاسیۆن | ڕەفیق سابیر |
| سێ کورتە فلیمی شیعر | شێرکۆ بێکەس |
| ئەفسووس من لە خۆرهەڵات نامرم | فاروق ڕەفیق |
| با پەپوولەپیرەکان ئاسوودەکەین | مەریوان وریا |
| قارچکە ترسنۆکەکانی جەنگەڵ!!! | هیوا قادر |
| لەمدیو جەستەدا، گەڕیدەیەک... | هەندرێن |
| وڵاتی پەیکەرەکان | ئارام کاکەی فەلاح |
| تەمەن لە ژوورە سپییەکاندا | ڕێبوار حەمەڕەحیم |

| | |
|---|---|
| خەونەکەی خاحەجێ | ڕێبوار سیوەیلی |
| چەقۆ و ئەتک و بێگوناهـ | ڕێبین هەردی |
| مارلین | شێرزاد حەسەن |
| کرمەکان | عەبدوڵڵا سەڕاج |
| مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە... | عەتا محمد |
| باوکم | فاروق هۆمەر |
| هاوینی ساڵی١٣٦٦ | کامەران |
| ئازادییە چکۆلانەکان | گۆران بابەعەلی |
| لاشئالین | عەبدوڵا ڕەحیم و هیوا قادر |
| ئالا ڕەشەکان | دانا ڕەووف |
| ئاوێنە بچکۆلانەکان | ڕەهەند |

## هەڵوێستە

سێ بەشی ئەمساڵیش تێپەڕی و هێشتا دنیای ئێمە نووقمی گێژاوی ناکۆکی ناوەکی و شەڕی خوێناوییە. تا ئێستاش سیاسەتمەدارانی کورد بێباکانە تفەنگ بەسەر دڵی کوردستانەوە دەنێن و گەمە بە خوێنی خەڵک و بە خوێنی نیشتیمان دەکەن. وا خەریکە ساڵێکی دیکە لە تەمەنی مێژوومان ڕەتدەبێت وبێ ئەوەی مژدەیەکمان پێ بێت بۆ سبەینێ. هەرگیز مێژووی ئێمە بەقەد ئەم ساتەی ئێستامان بێ مژدە نەبووە. ئاخر مژدە لە جیهانبینییەکی یۆتۆپیەوە دروستدەبێت، کە لەسەرێکەوە باوەشێکی توندی بە ژیاندا کردبێ و دەستی لەسەر نەبزی لێدانەکانی دڵی مێژوو بێت، لەسەرێکی دیکەشەوە

ئاوێزانبێت بەو خەونانەی دەکەونە ئەودیووی سنوورەکانی ئێستاوە، ئاوێزان بە ئایندەیەک کە لە ئێستادا وەک مەحاڵ دەردەکەوێ تا هەر ئەگەرێکی مێژوویی دیکە.

ئەو مێژووەی بێ یۆتۆپیا بژی مێژوویەکە کەمخوێن، مێژوویەکە بێ ئەگەر و بێ هیچ گرەوێکی ئایندەیی. مێژوویەک سەرخۆش بە گرفتەکانی خۆی، چەقیو لەناو ئەو ساتەوەختەدا کە سەرچاوەی هەموو کارەساتەکانیەتی. مێژوویەکە دژی ژیان و لەپێش هەمووشیانەوە دژی ئەو ناوانەی کە دەشێ لە هەمووان بە ژیان نزیکترن. بە نەوە هەرە نوویێیەکان .

دیارە هەر مێژوویەک بیەوێ بژی دەبێت لانی کەم کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی خەونی هەبێت. چونکە لێکدی ئالانی مێژوو خەونە ئەو ووزە ناوەکیە دەبەخشێتە میلەتێک بیەوێت ئایندە بباتەوە. بەبێ ئەم لێکدی ئالانە هەموو مژدەیەک مەحاڵە، کە مژدەش نەما ئیدی خودی ژیان خۆی دەبێتە بار بەسەر ئینسانەکانەوە و وەک هەرشتێکی بێ بایەخ هیچ حورمەتێکی نامێنێ. بۆیە ئێمە چەند پێ لەسەر بەعەقڵانیکردنی دنیای کورد دادەگرین و بە بەردی بناغەی هەموو پرۆژەیەکی ئایندەیی دەزانین، بەهەمان ئەندازەش خۆمان بە خەوناویکردنی ئەو دنیایەوە دەبەستینەوە کە دوژمنان بەر لە کوشتنی ئینسانەکانی پیلان بۆ کوشتنی خەونەکانی دادەنێن و یۆتۆپیاکانی وێراندەکەن.

وەک ئاشکرایە بەبێ هەستکردن و دەرککردنێکی قووڵ بە مێژوو؛ هەم هەستکردن بە قەیران و گرفتە سەختەکانی، هەم بە ئەگەرە نادیار بەڵام عەقڵانیەکانی، قسەکردن نەک لە یۆتۆپیا بەڵکو لە ئایدیۆلۆژیایەکیش کە توانای خوێندنەوەی لانی کەمی دنیای هەبێت، مەحاڵە. ئەمرۆ لە سایەی حیزبە کوردیەکاندا هیچ هەستێکی ڕادیکاڵ بە مێژوو لەئارادانییە و مێژووی ئێمە لە دەرەوەی جڵەوی عەقڵ و چاودێری ویژداندا دەجوڵێت، بۆیە لەم ساتەدا نە یۆتۆپیایەک هەیە بۆ ئومێد و، نە ئایدیۆلۆژیایەک بۆ کۆکردنەوە و گرێدانی ئینسانەکان بەیەکەوە. لە غیابی ئەم دووانەشدا ئینسانی ئێمە مێژوویەک دەژی نابیناو کوێر، مێژوویەک لە دەرەوەی هێزی گرێدەری ئایدیۆلۆژیادا و دابڕاو لە هێزی تێپەڕێنەری یۆتۆپیا، مێژوویەکی پارچەپارچە و بێئاڕاستە و دابڕاو.

ئەوەی لە کوردستانی ئێمەدا ڕوودەدات بەپلەی یەکەم تێرۆرکردنێکی ڕۆحی و هەتیووخستنێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەوە نوێیەیە ئەمرۆ لە کوردستاندا بێ هیچ تێز و

تیۆرەیەک، کە بتوانێت لانی کەمی پرســــیارە ڕۆحی و حەیاتیەکانی وەڵامبداتەوە و پەنجەرەیەکی بە ڕووی ئایندەدا بۆ بکاتەوە، بەجێهێڵراوە.

ئێمە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەوە دەمانەوێ سەرنجی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستان بۆ ئەو نەوەیە ڕاکێشین، ئەمرۆکە لە کوردستاندا سەرەتاکانی تەمەنیان لە غیابی ئەو زادە فیکری و ڕۆحیەدا بەسەردەبەن کە نەوەکانی بەر لە خۆیان لەبەردەســـتیاندا بووە. ئەو زادە ڕۆحیەی کە نەخشـــێنەری پێکهاتەی دەروونی و کۆی ئامادەییە ئایندەییەکانی ئینســــانە. ئەم نەوەیە نەوەیەکە لەپاڵ جەنگا گەورەبووە. لە سەرەتای هەشتاکاندا بە جەنگی خوێناوی بەعسیزمی عێراقی چاویدەکاتەوە و لە جەنگی کورد دژی کوردا ووشـــیاری بەڕووی دنیادا دەکرێتەوە. نەوەیەک کە کەس لە ئێمە لەم ساتەی ئێستادا نازانێ چۆن بیردەکاتەوە و چ ئازارێ دەژی و چ پرسیارێکی ڕۆحی و حەیاتی بێ وەڵامیشی لەلایە.

وەک ئاشکراشە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا خیانەتێکی گەورە لە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نەوەیە کراوە، منالانی ئەو نەوەیە لە پازدەساڵیەوە بوونە شوێن سەرنجی پارتە کوردییەکان بۆ کردنیان بە میلیشـیایەکی توندڕەو و گلاندنیان لە شـەڕێکەوە کە بەر لە هەموو شتێک ئاگر لە ئایندەی ئەو نەوەیە بەردەدات تا ئایندەی هەرکەسێکی دی. منالانێ لەپاڵ تفەنگە هەڵەکان و تەقە هەڵەکان و پلانە هەڵەکاندا گەورەبوون.

لە لایەکی دیکەوە ئەم نەوەیە هاتۆتە ســـەر تەرمی هەموو شـــتە پیرۆزەکان، ســـەر ئەو کەلاوە ڕۆحییەی لە حەوت سـاڵی ڕابردوودا یەکەبەیەکەی ئەو سـومبولە پیرۆزانەی تیا بێبایەخکرا کە نەوەکانی بەر لە ئێمە بەســـەدان ســـاڵ خەبات و گیانفیدایی بۆ ئێمەیان بەجێهێشتبوو. ئەم وێرانە ڕۆحیە بەپلەی یەکەم لە ڕۆحی ئەو نەوەیەوە ئالاوە، نەوەیەک بێ هیچ ســــوومبولێک هێزێکی مەعنەوی لێ وەرگرێ و، بێ هیچ پرنســــیپێک لە پاڵیدا مانایەک بە ژیانی بدات. نەوەیەک تەمەنی کورد خۆی بە ناو دوو جەنگا تێپەڕاندوە و بێ منالی و لەوێشەوە بێ خەیاڵ هاتۆتە ناو ئەم ئەستێرەیەوە.

بەڵام داخۆ ئێمە بەرامبەر ئەم هەرەسە ڕۆحی و مەعنەویە کە سیاسەت و سیاسیەکان خولقێنەری هەرەســـەرەکیین، دەکرێ چیبکەین و دەشـــێ چ وەڵامێکمان هەبێت؟ چۆن لە نوێ ئەو بـاڵەخـانە ڕووخـاوە بنیـادبنێینەوە؟ چۆن بتوانین لانی کەم منـاڵی وەک جیهانبینییەک ڕزگارکەین؟

**وەڵامی ئێمە ئەمەیە: بە یۆتۆپیاکردنی واقیع و بە خەوناویکردنی مێژوو.**

بەڵام داخۆ یۆتۆپیا چی دەیخولقێنێ و ئەو هێزە لە کێوە هەڵدەقوڵێت کە پانتاییەکانی خەیاڵ بە قەبارەی گەردوون دەکاتەوەو ژیان دەگۆڕێتە ســــەر هوروژمێک لە خەونی بەردەوام؟

بێگومــان زۆرن ئەو هۆکــارانەی یۆتۆپیــا و خەون لە پــاڵیــانــدا لەدایکــدەبن و گەشەدەکەن. ئێمە لێرەدا پێ لەسەر یەکێکیان دادەگرین و ئەم ژمارەیەی ڕەهەندیشی بۆ تەرخاندەکەین، ئەویش ئەدەبە، هیوادارین بەم کارەش هەنگاوێک لە ئومێد نزیکبینەوە و پەنجەرەیەکمان لەم تاریکســـتانە کردبێتەوە. بەڵام دیارە لە دنیای ئێمەداتێگەیشـــتنی جیاواز و دژبەیەک بۆ ئەدەب و ڕۆڵی ئەدەب هەیە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەســـەر دووان لەو تێگەیشتنانە ڕاوەستین.

تێگەیشتنی یەکەمیان تێگەیشتنێکە پێی وایە ئەدەب لەجەوهەردا دروستکردنەوەیەکی داهێنەرانەی دنیایە، کە تێیداکاری ســـەرەکی بەپیرەوەچونێکی ڕۆحیانەی ئینســـان و کۆمەککردنێکی لەبن نەهاتوی ژیان و فراوانکردنی سنوورەکانی ڕوانینە. ئەمەش مانای ئەوەی هەم ڕازی نەبوون بەوەی لە ئێستادا باڵادەستە و بونیادی باوی سەروەرکردوەو، هەم بە مانای پەلهاویشـــتن و پەلاماردانی خەونئامێزانەی ئایندە. لەم پرۆســـەیەشـــدا ئینسـان خۆی دەبێتە یەکەمین و دواهەمین ئامانجی ئەدەب و ئەو زەمینە ڕۆحیەشی بۆ فەراهامدەکرێت کە بەردەوام دەیکاتە بکەری یەکەمین و ئامادەی ناو مێژوو. بەم مانایە ئەدەب دەبێتە پـانتـایی ئەو جەنگەی تێیدا بەگژ هەموو ئەو هێزانەدا دەچێتەوە کە دژ بەئینسان و دنیا ڕۆحی و فانتازیەکەی ئەون.

لە کاتێکدا بەدەیان هێز لە ئارادان کە دەخوازن خەیاڵی ئینســـان ڕامکەن و خودی ئینسان ڕووتکەنەوە لە هەموو ڕەهەندێکی ئایندەی و لە هەموو فانتازیایەکی بەرهەمهێن ، ئالەو کاتەدا ئەدەب دێت بۆ بەرگری لە ئینســـان و کردنەوەی دواهەمین ئاســـۆکانی خەیاڵی و ڕەهاکردنی هێزەکانی خەونبینین لە دیدیدا. کە ژیـان نـاشـــرین دەکرێت و بایەخەکانی دەکوژرێت، ئەدەب دێت تا ژیان جوانبکات و هەستی خۆشویستنی ئەومان لەلا بەهێزبکـات. ژیـان بەمـانـای ئەو گەمە خۆش و ئـازاراویەی ڕەنگڕێژە بە دەیـان ســومبول و ئایدیا و پرنســیپی مەزن، بە مانای ئەو ســەرزەمینی ئیشــراق و تاریکیەی پڕیەتی لە مژدە و کۆست. داگیرســان و کوژاندنەوە، هەســتان و نووچدانەوە. بەکورتی

خۆشـویستنی ژیان هەم لە ڕووە کەرنەڤاڵی و ئاهەنگسـازیەکەیدا هەم لە ڕووە تراژیدی و تاریکەکەیدا. ئاخر ژیان گشتیەتیەکی گەورەیە و کەس مافی پارچەپارچەکردنی نییە.

بێگومـان ژیـان ئەو گەمەیەیە کە بەردەوام پێویســـتی بە جێگۆڕکێ و نوێکردنەوەی داهێنەرانە هەیە. لەهەناوی ئەمگەمەیەشـدا هەمیشـە ئەو هێزە داهێنەرانە ئامادەن کە بەر بەوە دەگرن ژیان تاڵبکرێت و ئینســـان نەتوانێ بەرگەی نەفرەتەکانی بگرێت. ئەم هێزە هێزێکە ژیان خۆی دروســـتیدەکات و بەردەوام بەرهەمیشــیدەهێنێتەوە. کەواتە داهێنان خۆی بەشـــێکی دانەبڕاوە لە ژیان و ســـەفەرێکە بەناو ئەگەرەکانی بووندا. بەزاندنی بەردەوامی ســنوورەکان و پەلکێشـکردنی ئینســانە بۆ ســەر ئەو ڕێگایانەی تا ئێســتا تەینەکردوون. ئەگەر ژیـان خۆی ڕیســـکێکی گەورەبێـت، ئەدەب ئەو حیکمەتەیە کە فێرماندەکات بەردەوام بەناو ئەو ڕیســـکانەدا تێپەڕین و ئازایانە لەبەگژاچوونەوەیەکی بەردەوامـدا بین. هەڵبەتە ئـازایەتی و بەگژاچوونەوە دەبێتە کـارێکی بێمـانـا ئەگەر لە پشـــتیەوە هێزێکی داهێنەر یاخیبوونەکانی ئینســـان ئۆرگانیزە و ئاڕاســـتەنەکات. لەهەمانکاتیشـدا بە ڕاڕەوی خواسـتەکانی ژیان و ڕێزلێنان لە بەهاکانی و لەسـەرووی هەمووشـــیانەوە  بە ســـەروەریکردنی ئینســـاندا تێنەپەڕێت. مەبەســـت لە ئازایەتی بەگژاچوونەوەی هەموو ڕووشـــانـدنێکی لایەنە جوان و ڕوونـاکەکـانی ژیـان و هەڵوەشاندەوە و هەپروون بەهەپروونکردنی ڕووە دزێو و ناشرینەکانیەتی. دیارە لەناو پرۆســـەیەکی گەورەی ســـەرلەنوێ بنیادنانەوە و تازەکردنەوەی ڕەهەندە جیاجیاکانی بوون و خوڵقاندنی فۆرمە لە کۆتایی نەهاتوەکانی ژیاندا.

بێگومان ئەدەب بەپلەی یەکەم گەمەی ئەفســـوناوی ئینســـانە لەگەڵ زمـاندا و لەوێشــەوە لەگەڵ ماناداا. دیارە زمان بەو مانایەی ڤینگنشـتاین دەڵێت: سـنووری زمانی هەرکەســـێ ســـنووری ئەو دنیایەیە کە تێیدا دەژی. لێرەوە چەندە ســـنوورەکانی زمان فراوانبێت بەهەمان ئەندازەش ســـنووری ئەو دنیایەش فراواندەبێت کە ئینســـان تێیدا دەژی. بەم مـانـایە ئەدەب چـالاکییەکە دەخوازێـت بەردەوام ســـنورەکـانی زمـان بەرفراوانبکات و لەوێشـــەوە ئینســـان لەوە ڕزگارکات لەناو کۆمەڵێ توانای دیاریکراوی ماناو کۆمەڵێ ئەگەری سنووردارردا گیربخوات. ئەدەب دەبێتە تەقاندنەوەیەکی بەردەوامی ئەگەرەکانی زمان و هەر لەوێشـــەوە ئەگەرەکانی بوون. ئاخر بوون خۆی چییە جگە لە میوانێک لە مـاڵی زمـاندا. کەوابوو ئەدەب بەپلەی یەکەم پەلامـاربردنە ســـەر زمـان و بەگژاچونەوەی زیندانەکانی زمان، یان وەک پارت دەڵێ فاشیەتێ زمانە.

بێگومان بەگژاچوونەوەش دەبێتە جنێوێکی گەورە بەژیان و بەهێزە چالاکەکانی ناوی گەر لەپشتیەوە ڕۆحێکی ژیاندۆست و ئینساندۆست لەئارادانەبێت. چونکە دەشێ جۆرێ لەبەگژاچوونەوە هەبێت کە نەفرەت لە ژیان و لە کینە لە ئینسانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبێت. بەگژاچونەوەیەک کە تەعبیر لە کۆمەڵێ گرێی سایکۆلۆجی بکات تا هەر هەڵوێستێکی جیدی و تەندروست لەبەردەم ژیاندا.

لە دنیای کەلتووری و عەقڵیەتی ئەدەبی ئێمەدابۆچوونێکی دیکە بۆ ئەدەب لەئارادایە کە تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەیە و ڕۆژگارێکی درێژیش تاقە بۆچوونی سەروەر و باڵادەست بوو. ئەم بۆچوونە پێی وایە ئەدەب ئامرازێکە بۆ تەعبیر لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو و دەبێ ملکەچبێت بۆ بەرنامە و نەخشەی سیاسی ئەو ئایدیۆلۆژیایە. دنیای کەلتووری ئێمە لە بیست ساڵی ڕابووردوودا سیخناخبوو بەم بۆچوونە سەقەت و نامۆیە بە داهێنان و لە سەرووی هەمووشیانەوە بە دنیای ئەدەب. ئەم تێزە کاریکاتۆریە وەک سیستەمێکی ڕەقابەی گشتگیر بەری بە هەموو هەوڵدانێک دەگرت نیازی پێشکەشکردنی دیدێکی دیکەی بۆ ئەدەب و بۆ داهێنان هەبوایە. هەموو ئەمانەش لە ڕێی دەیان میکانیزمی کۆنترۆڵی جیاجیاوە کە هەرە دیارەکەیان و هەرە باوەکەیان ناووناتۆرە دۆزینەوە و بوختان بۆ هەڵبەستنە تا دەگاتە هێرش و پەلاماری جەستەییش.

ئەم تێزە کاریکاتۆرییە بەردەوام دەیەوێ ڕازیمانکات بەو پێناسە هەڵەیەی کە ئەدەب جگە لەئاوێنەیەک کە واقیع لەناویدا بێئومێدانە لە خۆی ڕادەمێنێ شتێکی دیکە نییە. زۆرن ئەو ووتار و کتێبۆچکە و غەڵبەغەڵبانەی هەڵگری ئەم وێرانە فیکری و تێزە مردوەن و لە بیست ساڵی ڕابووردودا، تا ئێستاش، ئەدەبی ئێمە و دنیای فانتازی کوردیان تووشی کەمخوێنی و ئیفلیجی کردووە و بەردەوامیش دەیکەن. زۆرن ئەو عەقڵە گرگنانەی بە شێوازی جیاواز لە دنیای ئەدەبی ئێمەدا ژەهرێ دەڕێژن کە جوانی ژیان و گەورەیی داهێنان لە قوربانییە هەرە سەرەکییەکانین، بێگومان خۆشیان جگە لە غەڵبەغەڵبێکی بێمانا شتێکی دیکە نین و هەر لەسەرەتاوە بە نەزۆکی هاتونەتە ناو ئەم ئەستێرەیە و لە ئێستاشدا شتێکی دیکەیان لێ چاوەڕوان ناکرێت جگە لە کوشتنی داهێنان.

بێگومان ئەو بۆچوونە بۆ ئەدەب بە پلەی یەکەم پیادەکردنێکی هەمەلایەنەی پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردنی خەیاڵی ئینسانی کورد و تالانکردنی دنیا ڕۆحی و سومبولەکەیەتی.

ئەمەش لە جەوهەردا درێژکراوەی هەمان پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردنی سەر زەمین و نیشتیمانی ئێمەیە. بێگومان کۆلۆنیالیزەکردنی خەیاڵ مانای چکۆلەکردنەوە و بێبایەخکردنی ئینسانی کورد و بەندکردنی لەناو نەخشە تەسک و سادەکانی لۆژیکێکی دیاریکراو و بەرتەسکدا. هەموو ئەمانەش بەناوی هەڵوێست و قازانجی جەماوەر و شۆڕش و چەوساوە و کرێکار و زەحمەتکێش و دەیان موزەیەدە و داستانی دیکەی لەم بابەتەوە.

ئەو پرسیارەی بکرێت لێرەدا کەمەکێ ڕامانگرێت و پێویستبێت سەرنجێکی خێرای بدەین ئەوەیە داخۆ سرووشتی ئەو هێزە چییە لەپشتی ئەم بۆچوونەوە وەستاوە؟ ئایە ئەم هێزە هێزێکی داهێنەر و ژیان دۆستە یاخود هێزێکە بارە بەسەر ژیان و ئینسانی کوردەوە بەگشتی و کایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریمان بەتایبەتی؟

بیست ساڵی ڕابووردوی بەرهەمی هەڵگرانی ئەم دیدە نەخۆشە شایەتی ئەوەن کە ئەم هێزە نەک هێزێکی نا داهێنەر و تەسکبین و تەنانەت نابینایە، بەڵکو هێزێکە ترساو لە هەموو داهێنانێک و لێوریژە لە بوغز و لە نەرجسیەتێکی نەخۆش. بونیادی سایکۆلۆژی ئەم هێزە ئەوەمان پێدەڵێت کە هێزێکی نەخۆشە و جگە لە بڵاوکردنەوەی گرێ دەروونیەکانی خۆی و فرۆشتنیان بەناوی ئەدەب و ڕەخنەوە شتێکی دیکە نییە. ئەم هێزە بەر لە هەموو شتێ دژ بەو دەنگە نوێیانەیە کە مژدەیان پێیە، مژدەی تازەکردنەوەی سەرزەمینی ئەدەب و لەنوێ بنیادنانەوە و دەوڵەمەندکردنی خەیاڵ و فیکری ئینسانی ئێمە. دژ بەو نەوەیەی هەموو تواناو تەقەلای خۆی بۆ شکاندنی ئەو پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردنەی لەسەرەوە باسمانکرد تەرخانکردووە. دژ بەو نەوەیەی خوازیاری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردییە بەدەیان چەمک و زاراوە و بۆچوونی نوێ و هەوڵی سەرسەختانە دەدات بۆ کردنەوەی سنوورە داخراوەکانی ئەم فەرهەنگە.

ئەم هێزە چونکە توانای ناسینی شێوە جیاجیاکانی فیکر و مەعریفەی نییە و لە جەهلێکی قووڵ و بەرفراواندا دەژی دواجار هەموو هەوڵە جدییەکان و هەموو مەنهەجەکان لەژێر چەند ناونیشانێکا کورتدەکاتەوە. ڕۆژێک ناویاندەنێت وجودیەتبو ڕۆژێکی دی بونیەویەت. ئەمەش بێگومان بێ ئەوەی سەر لەهیچ یەکێ لەمانە و لە هیچ قوتابخانە و مەنهەجێکی فیکری دیکەش دەربکات. ئەم هێزە کە لەسەر ئیمپراتۆریەتێک لە جەهل دروستبووە ناتوانێت لەگەڵ تێزە فیکریەکاندا بدوێت بۆیە ناچار دەکەوێتە هەڵبەستنی بوختان و گۆڕەپانی باسەکان دەگوێزێتەوە بۆ ناو کایەی درۆهەڵبەستن و

جنێوفرۆشــی، کایەیەکە ئەو بەشـێکی زۆری تەمەنی خۆیی تێدا ســەرفکردوە و خاوەنی ئەزمونێکی گەورەیە تێیدا. کایەیەک کە ئێمە نامانەوێ لێی نزیکبینەوە و بە شوێنی کاری خۆمان و کاری هیچ ڕۆشنبیرێکی دیکەشی نازانین.

ئەم ژمارەیەی ڕەیەوێ بەگژ ئەو تاریکســـــتانەدا بچێت و دەیەوێ ئەو شـــــەبەقانە گەورەبکات کە ڕۆحە چالاکەکانی دنیای ئەدەبی ئێمە لە دیواری ئەســــتووری جەهل و تەقلیدیەتدا دروســــتیانکردووە. بۆ ئەم مەبەســــتەش ڕەهەند ئەمجارە لاپەرەکانی خۆی دەکاتە پانۆرامای چوار جیلی جیاواز ی ئەدەبی کوردی و دەیەوێ ئەم دەنگانە لەســـەر یەک خوان کۆکـاتەوە کە خوانی داهێنـانە. خوانی بەخشـــینی ووزەیەک بە خەیـاڵ و یاداوەری ئینسانی کورد و دەوڵەمەندکردنی توانا تەعبیرییەکانی زمانی کوردی.

ئەم ژمارەیە بەپلەی یەکەم چاوی لەو نەوە خەیاڵ تێرۆرکراوەیە کە لە سەرەتای ئەم نووســــینەدا هێمـامـان پێکرد و هەوڵێکە بۆ لەنـاوبردن و تێکشــــکاندنی ئەو تێرۆرە. هیوادارین توانیبێتمـان لانی کەمی ئەم ئەرکەمـان وەدیهێنـابێت. هەر لێرەشــــد ئێمە خوێنەرانی ڕەهەند لەوە دڵنیادەکەینەوە کە کۆشـــشـــی بەردەوام دەکەین بۆ بەردەوامی پرۆژەکەمان و درێژە بە شەڕێکی ڕۆشنبیری دەدەین کە بتوانێت ڕۆشنبیری کوردی بە قۆناغێکی نوێ بگەیەنێت. قۆناغێکی دەوڵەمەندتر، هەمەلایەنتر و شێلگیرتر.

**دەستەی نووسەران**

## ژمارە ٥

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبوار سیوەیلی، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

## ناواخن

| | |
|---|---|
| هەڵوێستە | دەستەی نووسەران |
| یەکگرتن یان جیاوازبوون | مەریوان وریا قانع |
| ئیمپراتۆریەتی وەهم | بەختیار عەلی |
| دەسەڵات و بەرگری | فاروق ڕەفیق |
| نیشانەکانی وابەستەبوون و گەڕان لە کۆدەکانی دیالۆگ | هەندرێن |
| چۆن لە ناوەڕۆکی مرۆڤ بگەین؟ | د. محەمەد کەمال |
| باوکی کورد لە نێوان کوشتن و زیندووبوونەوەدا | ڕێبین هەردی |
| حەساری نەمر و باوکی پیرۆز | بەرزان فەرەج |

یەکەمین ڕۆشنبیر — و: هەڵکەوت عەبدوڵا

مرۆڤ بوونەوەرێکی ووشەدارە — ئاراس فەتاح

پەنابەرانی کڵێسا — گۆران بابا عەلی

ئەو پیاوەی لە تووڕەبووندا جوانە؛ گفتوگۆیەک لەگەڵ شێرزاد حەسەندا — هیوا قادر

ئاوێنە بچکۆلەکان — چەند نووسەرێک

## هەڵوێستە

لەچەند هەفتەی ڕابردوودا مەسەلەی سەرهەڵگرتن و هەڵاتنی کورد بۆ ئەوروپا باسی سەرەکی دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و سەردێڕی ڕۆژنامەکان بوون لە ئەوروپا. ناونیشانی لەبابەتی 'هێرشی کورد بۆ ئەوروپا'، 'لافاوی پەناهەندی کورد ئەوروپا دەبات' 'ئەوروپا دەبێت سنوورەکانی خۆی بەڕووی کوردا دابخات' و، چەندان ناونیشانی دیکەی لەم بابەتە ڕۆژانە لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە باناوبانگەکانی ئەوروپادا دەبینران. لە تەلەفیزیۆنەکانیشدا وێنەی ئەو ژن و منداڵ و گەنجانە پیشاندەدرا کە ماندووبوون و ترس و سەرما بەسەر ئەو جەستە تەڕانەیانەوە بوو کە پۆلیسەکانی سەر سنوور لەکاتی گونجاودا و پێش نووقمبوونیان لە ئاوی کەناری دەریاکانی ئیتالیادا بە فریایان کەوتبوون.

جگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن خودی حکومەتە ئەوروپییەکانیش لەسەر کۆچ و سەرهەڵگرتنی کورد لە وڵاتی خۆیانەوە بەرەو ئەوروپا باس و خواستیان کرد. جگە لەمانەش 'ئەوروپای یەکگرتوو' یەکێ لەدانیشتنەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە.

بە شێوەیەکی گشتی سەرجەمی باس و خواستەکانی ئەمجارە و سەرهەڵگرتنی ئەو پەناهەندانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش خراپ بوو. هەڵوێستی ئیتالیای لێدەرچێت کە لە

زمانی وەزیری کاروباری ناوخۆوە داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد کرد، هەڵوێستی هەموو وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکەی ئەوروپا بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردێکی زۆری تیایە دژایەتیکردنێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای پەناهەندەی کورد و بێدەنگبوونبوو لە ئاستی کێشەکانی کوردا وەک نەتەوەیەک و ناسینی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی. دەکرێ لێرەدا هێما بە هەڵوێستی حوکومەتی ئەڵمانی و هۆڵەندی و فەڕەنسی بکەین کە هەڵوێستێکی تا بڵێی نائینسانی بوو. ئیتالیا وەک دەرەنجامی ئەم بە سیاسی ناسینەی مەسەلەی کورد مافی ئەوەی بە پەناهەندە کوردەکان دا کە داوای پەناهەندەیی سیاسی لە ئیتالیا بکەن. بەڵام ئەڵمانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە دەبێت بەر بە هاتنی 'ئەم لێشاوە' لە پەناهەندەی کورد بگیرێت و ئەم مەسەلەیە نەک وەک مەسەلەیەکی سیاسی تەماشانەکرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە بوونی شەبەکەیەکی نێونەتەوەیی قاچاغەوە کە لە ڕێی گەیاندنی پەناهەندەی کوردەوە بۆ ئەوروپا پارەیەکی بێشوماریان دەستدەکەوێت. گواستنەوەی مەسەلەی پەناهەندەی کورد لە زەمینە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە، واتە لە بوونی کێشەیەکی سیاسی چارەسەرنەکراوەوە بۆ مەسەلەی گرێدانی بە بوونی شەبەکە و تۆڕی قاچاغی نێودەوڵەتیەوە، لەڕووی عەمەلیەوە مانای وەرنەگرتنی ئەو پەناهەندانە و پێناسەکردنیان وەک تاوانبار. ئەمەش مانای گواستنەوەی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم پەناهەندانە لە نێو پەرلەمانەکانی ئەوروپا و وەزارەتەکانی دادپەروەری وئۆرگانەکانی مافی مرۆڤەوە بۆ دەستی ئۆرگانەکانی پۆلیس. بێگوومان بەم گواستنەوەیەش پەناهەندەی کورد لە کەسێکەوە، کە لەدەست کۆمەڵێ پشێوی سیاسی هەڵاتووە، کراوە بە تاوانبارێک کە پەیڕەوی یاساکانی ئەو وڵاتەی نەکردووە: تاوانی بڕینی سنووری ئەو وڵاتانە بە قاچاغ.

دیاردەی کۆچی بە قاچاغ ڕووەو ئەوروپای ڕۆژئاوا دیاردەیەکی گشتیە و بەتەنیا کورد یان خەڵکی کوردستان و عێراقی نەگرتۆتەوە. بە دەیان و سەدان ئەفغانی،سریلانکی، ئەفریقی، زائیری، سۆماڵی، ئێرانی، چینی، سوری و ئەتیوپی هتد... خەریکی هەڵاتنن لە نیشتیمانی خۆیان ڕووە و ئەوروپای ڕۆژئاوا. تا ئێستا بەدەیان و سەدانیان لێهەڵاتوون و بە دەیانی دیکەش بەڕێوەن. جەنگی ناوخۆ، تێکشکانی دەوڵەت و دەسەڵاتە مەرکەزییەکان، دروستبوونی دیکتاتۆری دیکە لەشوێنی دیکتاتۆرە کۆنەکان، فەندەمێنتالیزمی ئاینی و ناسیۆنالیستی، برسیەتی و هەژاری بە کورتی بێ حورمەتیکردن بەرامبەر بە ژیان و نەبوونی هیچ ڕۆشناییەکی ئایندەیی لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی ئەم کۆچەن. بەڵام بێگوومان ئەمانەی ناومانبردن هەموو ئەو هۆکارانەنیین کە پاڵ

بەژمارەیەکی گەورەی خەڵکەوە دەنێن بۆ هەڵاتن. ڕەنگە یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕاکردن، بێگومان لەپاڵ ئەو هۆیانەی سەرەوەدا کەباسمان کرد، سیحری ئەو وێنەیە بێت کە ڕۆژئاوا بەدەرەوەی خۆی دەدات، وێنەی بەهەشتێکی پڕ لەزەت کە لەیەککاتدا ڕووی دەمی لە هەموو غەریزە و ویستەکانی ئینسانە، وێنەی سەرزەمینی بەدیهێنانی هەموو ئارەزووەکان.

ئەوەی لەناو ئەم ماراسۆنی هەڵاتنەدا شوێنی سەرنجی ئێمەیە کۆچی بەکۆمەڵی کوردە، بەتایبەتی کوردی کوردستنی عێراق. ئەوەی ئەم کۆچە لە کۆچەکانی دیکە جیادەکاتەوە هەڵاتنی بەکۆمەڵی خەڵکە لەسەرزەمینێکی ئازادکراو، سەرزەمینێک لەژێر دەسەڵاتی ئەو حیزب و سیاسیە کوردیانەدا کەڕۆژگارێکی درێژە قسەکەری یەکەمین بەناوی کورد و مەسەلەی کورد و قازانجە نەتەوەییەکانی کوردەوە. بۆیە ئەوەی ئەم کۆچکردنە بەکۆمەڵە وەک یەکەمین پرسیار دەیخاتەوە ڕادەی ڕەوایەتی ئەو نوێنەرایەتیکردنەی حیزبە کوردستانیەکانە بۆ ئەو مەسەلەیەی ناوی مەسەلەی کوردە و بۆ قسەکردن بە ناوی ئەو نەتەوەوە کە ناوی نەتەوەی کوردە. هەڵاتن لە کوردستان چەند پەیوەندی بەو مژدە بەهەشتیانەوە هەیە کە ڕۆژئاوا وەک بەهەشتێکی ئایدیۆلۆژی و بێگومان وەهمی نیشانەی دەرەوەی خۆی دەدات، بەهەمان ئەندازەش وابەستەی ئەو جەهەنەمە خوێناوییەیە کە هێزە سیاسیەکوردییەکان لە هەموو قوژبنێکی کوردستاندا دروستیانکردووە. لێرەوە ئینسانی ئێمە لە کاتێکدا کە دەستخەڕۆی وێنە وەهمیە بەهەشتەیەکانی ڕۆژئاوایە لەهەمانکاتدا قوربانیی ئەو بێ حورمەتکردنەی ژیانە کە لە ڕەوشت و کار و کردەوەی سیاسیە کوردەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کۆچی کورد بۆ ئەوروپا چەندە ئەو ڕووە نائینسانیەی ئەوروپای ئەم ساتەوەختەمان نیشاندەدات و چەندە خەتی ئەو خیانەتە گەورەیەمان بۆ ئاشکرادەکات کە ئەوروپا لە پرنسیپ و سەرەتاگە ئینسانیەکنی خۆی دەیکات، مەبەستمان خیانەتە لە مافەکانی مرۆڤ کە خودی ئەوروپا بەرهەمهێنەریەتی، بەهەمان ئەندازەش وابەستەی ئەو ڕاستیە کە میللەتێک لە ئازادی خۆی ڕادەکات. ئەڵبەتە ئێرە شوێنی قوڵترکردنەوەی ئەم بۆچوونە نییە، بەڵام دەکرێ وەک سەرەتایەک بڵێین لە نیشتیمانێکدا کە خۆی خۆی وێرانبکات و خۆی خەونەکانی خۆی و ئایندە و ڕابوردووی خۆی بێبایەخبکات، هیچ مانایەک نەک بۆ ئازادی بەڵکو بۆ خودی ژیان خۆشی نامێنێتەوە. بەمانایەکی دیکە خەڵکی کوردستان بەتەنیا لە دەستی کێشەیەکی سیاسی، بەتەنیا لەدەستی ئەو سیاسیە کوردانە ڕاناکەن کە کوردستان تەنیا وەک چەند نوقتەیەکی گومرک دبینن، بەڵکو لەو فۆرمە دیاریکراوی ژیانیش ڕادەکان کە لەدنیای ئێمەدا سەروەرکراوە.

له زیندگیەک کە بێ هیچ ئاسۆیەک ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان بەرهەمدەهێنێت، لە دنیایەک ڕادەکەن کە تێکەڵێکی کوشندە لە ئاین و سیاسەت و دەیان میکانیزمی کەبت و سەرکوتکردن تەنانەت بچوکترین و شەخسیترین دەرکەوتەکانی کۆنترۆڵدەکەن. بەڵام ئەم هەڵاتنە بە گەیشتن بە ڕۆژئاوا کۆتایی بە کارەساتەکان نایەنێت، چونکە لێرەش پەناهەندە، کورد و غەیرە کورد، ڕوویان بەو دەیان یاسا و ڕێکەوتننامە و پرنسیپانەدا دەتەقێتەوە کە ژیانی ئەو کەسە هەڵاتوانە لە دۆزەخێکی دیکەدا نیشتەجێدەکات، دۆزەخی کەمپەکانی پەناهەندەیی و چاوەڕوانکردنی درێژوو تێکچوونی هەموو هاوسەنگیەکی ڕۆحی و سایکۆلۆژی. کەمنین ژمارەی ئەو پەناهەندانەی لەم دووساڵەی ڕابووردودا بەبەرچاوی ئەوروپیەکانەوە خۆیانکوشتوە، یاخود دواجار تووشی چەندان نەخۆشی سایکۆلۆژی و شێتبوون بوون.

مەسەلەی باسکردنی پەناهەندەی کورد وەک تاوانبارێک و داخستنی سنوورەکان بە ڕوویاندا مەسەلەیەکە لە ساڵی ڕابووردودا بەشێوەیەکی ئاشکرا بووە سیاسەتی ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی کە جاران بە ئاسانی پەناهەندەی کوردیان وەردەگرت، بەتایبەتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا. بەڵام دوای گەیشتنی کەشتیەکی پڕ لە پەناهەندە لە سەرەتای مانگی یەکی ئەم ساڵدا بۆ کەناری یەکێ لەبەندەرەکانی ئیتالیا، کەشتیەک کە لە تورکیاوە هاتبوو نزیکەی ٨٥٠ پەناهەندەی کوردی عێراقی و کوردی تورکیای تێدا بوو، ئیدی کێشەکان بەتەواوی تەقینەوەو. زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان ترسی خۆیان بەرامبەر 'هێرشی' پەناهەندەی کوردی دەربڕی. هاوشان بەمەش کێشەیەکی دیپلۆماسی لەنێوان تورکیا و ئیتالیادا دەستپێکرد. وەزیری کاروباری ناوخۆی ئیتالیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی ئەوەی کرد کە کێشەی کورد دەبێت چارەسەرێکی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوەو لەم ڕووەوە تورکیای بەوە تاوانبارکرد کە سیاسەتی تەفروتوناکردنی کورد پیاددەکات. تورکیاش لەلای خۆیەوە ئیتالیای بەوە تاوانبارکرد کە مافی پەناهەندەی سیاسی بە خەڵکانێک دەدات کە لەدەست هەلومەرجێکی ئابووری خراپ ڕایانکردوە نەک لەدەست چەوساندنەوەیەکی سیاسی. بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا لەوەدابوو کە ئەم دەنگەی ئیتالیا وەک دەنگێکی تەنیا مایەوەو هەڵوێستی وڵاتە ئەوروپیەکانی دیکە ئەم دەنگە ئیتالیەی خنکاند. بەڵام لەهەمانکاتدا لە بەشێکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەوروپا باسێکی زۆر لەوە کرا کە گوایە تورکیا بەدەستی ئەنقەست ڕێ بەو هەموو پەناهەندە کوردانە دەدات لە کەناری بەندەرەکانی تورکیاوە لە ڕێی ئیتالیاوە ڕوو لە ئەوروپا بکەن، ئەمەش وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە ئەوروپا دوای ئەوەی لە کۆبونەوەکانی ئەوروپەی یەکگرتودا

بڕیاردرا تورکیا لە ئەورووپای یەکگرتوداوەرنەگیرێت. دەڵێین سەرەڕای ئەم تاوانبارکردنە نارەسمیەی تورکیا لە لایەن میدیای ئەورووپییەوە هیچ وڵاتێکی ئەورووپی هەوڵی نەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی تورکیا بەم کارە تاوانباربکات لەهەمانکاتدا گیچ دەوڵەتێکی ئەورووپی هەوڵینەدا ئەم دەستپێشخەریەی ئیتالیا پەرە پێبداو لە ئاستی نێونەتەوەییدا لانیکەم کۆنفرانسێک بۆ مەسەلەی کورد بخرێتە جەدوەلی کاروباری ئەورووپای یەکگرتوەوە. بێگومان حیزبەکوردییە عێراقیەکان لە سەرانسەری ئەم کێشەیەدا ووشەیەکیان لەدەم نەهاتە دەرەوەو وەک هەمیشەیان زۆر لەوە ئیفلیجتربوون بتوانن ئەو هەوڵ و دەستپێشخەریە ئیجابیانە گەشەپێبدەن و هەوڵدەن لەڕێیەوە ئاسۆکانی مەسەلەی کورد فراوانترکەن. ئەوەبوو بەپێچەوانەی هەموو گەشەیەکی ئیجابی ئەم مەسەلەیەوە دەمەقاڵێیەکی سیاسی لەنێوان ئیتالیاو ئەڵمانیاشدا دروستبوو، ئەڵمانیا بە ئیتالیای ڕاگەیاند کە دەبێت زیاتر هەوڵبدات سنورەکانی خۆی مەحکەمبکات و زیاتر کۆنترۆڵی ئەو بەندەرانە بکات کە پەناهەندەکان وەک دەروازەیەک بۆ هاتنە ناو ئەورووپا بەکاری دەهێنن. ئەڵمانیا لەپاڵ ئەم نارەزایی دەربڕینەدا هەوڵیداوە سنورەکانی خۆی بە تەواوی قایمبکات و چیدی ڕێنەدات کەس بچێتە ناو ئەڵمانیاو داوای پەناهەندەیی بکات زۆربەی زۆری ئەوانەشی کەدەگەنە ئەڵمانیا مامەڵەیەکی هێجگار خراپیان لەگەڵدەکرێت بەوە ناچاردەکرێن بەرەو شوێنیدیکە سەرهەڵگرن. هۆڵەنداو فەرەنسا و بەلچیکاش بەهەمان شێوەی ئەڵمانیا کەوتونەتە قایمکردنی سنورەکانی خۆیان و وەرنەگرتنی کورد وەک پەناهەندە.

لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی پارەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زۆربەی هەرەزۆری وڵاتە ئەورووپیەکان دەسکارییەکی ڕادیکاڵ و هەمەلایەنی یاسکانی وەرگرتنی پەناهەندەییان کردوە و بەجۆرێک قورسیانکردوە لەئێستادا زۆر بەدەگمەن کورد وەک پەناهەندەیەکی سیاسی قبوڵدەکرێت. ئەم قورسکردنە بە جۆرێکە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا نووسیبووی بۆ ئەوەی بڕوا بە چیرۆکی پەناهەندەیەک بکرێت دەبێت ئەو پەناهەندەیە سەری خۆی بە براوی بخاتە بەردەستی وەزارەتی دادپەروەری و بڵێت قوربان ئەوەتا لە وڵاتی خۆم سەریانبڕیوم بۆیە داوای پەناهەندەیی دەکەم.

لەکاتێکدا کە دەرگاکانی وەرگرتنی پەناهەندەیی دادەخرێت لەهەمانکاتدا هەوڵێکی زۆردەدرێت بۆ ئەوەی کێشەی پەناهەندە هەڵاتووەکان نەک وەک کێشەیەکی سیاسی بەڵکو وەک کێشەیەکی ئابووری تەماشابکرێت، ئەمەش مانای وەرنەگرتنی ئەو پەناهەندە هەڵاتوانە و ئیحتیمالی گەڕاندنەوە و تەسلیمکردنەوەیان بەو وڵاتانەی لێوەوەی هەڵاتوون.

یاخود قبوڵکردنێکی کاتیان بەڵام بەبێ بوونی مافی هێنانی کەس و کاریان بۆ ئەوروپا. لەکاتێکدا داواکردنی پەناهەندەیی بەو شێوەیە زەحمەتکراوە لەهەمانکاتدا هەوڵێکی زۆر دراوە کە ڕای گشتی ئەوروپی وا مۆبیلیزەبکرێت کە پەناهەندەکان وەک دز و جەردە و تاوانبار تەماشابکرێن، باشترین نموونەی بەردەستیش ئەو قسانەبوو کە وەزیری دادپەروەری هۆڵەندی دەربارەی پەناهەندەی کورد و عەرەبی عێراقی کردنی، ئەم خانمە ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆری ئەو پەناهەندانەی لە عێراقەوە هاتوون دز و جەردەن و لەگەڵ شەبەکاتی جەردەیی نێودەوڵەتیدا کاردەکەن.

بێگومان هەڵاتنی پەناهەندە کوردەکان بۆ ئەوروپا هەر لە سەرەتاوە هەڵاتنێکی پڕ مەترسییە، بڕینی دەیان سنووری قاچاغ و ناوچەی تەنراو بە جەندرمە و پاسدار و پۆلیسەکانی سەر سنوور تا ئێستا بۆتە هۆی کوشتنی دەیان پەناهەندە، چەندان پەناهەندەی دیکەش بەتایبەت ژن و منداڵ لە ئاوی دەریا جۆربەجۆرەکاندا خنکاون، چ لەنێوان تورکیا و یۆناندا یاخود لەنێوان تورکیا و کەناری بەندەرە ئەوروپییەکانی دیکەدا. بەپێی ئاماری زانراو تەنیا لە ساڵی ١٩٩٦دا ٣٠٠ سێسەد پەناهەندەی کورد لە دەریادا نوقمبوون و گیانی خۆیان لەدەستداوە. ئەمە سەرەڕای ڕووتکردنەوە ئازاردان و تەعەداکردنی بەردەوام لەو پەناهەندانەی دیکە کە هێشتا لەیەکێ لەو وڵاتانەی دەرەوەی ئەوروپای ڕۆژئاوادان. جگەلەمەش شەڕی نێوان پەناهەندە کوردەکان لەناو خۆیاندا بەتایبەتی لە کەمپەکانی یۆنان و بازڕەکانی تورکیادا دیاردەیەکی ترسناکە و تا ئێستا چەندان کەس لەو شەڕانەدا کوژراون. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی لەم ڕووداوەنەدا گیانیان لەدەستداوە بەتەواوی کۆبکرێتەوە ڕەنگە هیچی لە ژمارەی ئەوانە کەمترنەبێت کە لەشەڕی ناوخۆدا کوژراون، لێرەوەیە کە دەبێت قسەکردن لەسەر ئەم دیاردەیە ببێتە بەشێکی داهاتووی هەموو ئەوانەی بە مەسەلەی کوردەوە خەریکن، لەپێش هەمووشیانەوە ڕۆشنبیران و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. ئەم مردنە شاراوەیە مردنێکە کە دەبێت لاپەڕە نەنوسراوەکانی بنووسرێتەوە و هەم کورد خۆی و هەم دنیای دەرەوەی کوردیش لە کارەساتەکانی ئاگادارکرێتەوە.

سەرەڕای ئەم ناڕەحەتی و مەترسیە کوشندانە کە پەناهەندەی تازە هەڵاتوو تووشیدەبێت شوێن و جێ و ئاستی ژیان و کاروکردەوەی بەشێکی بەرچاوی پەناهەندە کۆنەکانیش مایەی دڵخۆشبوون نییە. ئەو جالیە کوردییەی لەم چەند ساڵەی دوواییدا لە کوردی عێراق لە ئەوروپا دروستبووە جالیەیەکی زۆر ناچالاک و بێ خەون و بێ

بەرنامەیە. ئەو چەند سێنتەر و ناوەندە کەلتووریانەش کە هەن زۆربەی هەرە زۆریان لە ژێر دەسەڵاتی یەکێ لە دوو حیزبە گەورەکەی کوردستاندایە و بەدەگمەن نەبێت چالاکیەکی گرنگیان تێدا ناکرێت. بەکورتی بارودۆخی بەشێکی گەورەی کوردی عێراق لە ئەوروپا بارودۆخێکە کە هەڵگری هیچ مژدەیەکی تاکەکەسی و هیچ مژدەیەکی جەماعی نییە. هاتنی هەرچی زیاتری خەڵکانی دیکەشە هاتنێکە تائێستا هیچ هێمایەکی دڵخۆشکەری پێ نییە. سەرەتا بەشێکی زۆری ئەوانەی لەم دوواییەدا هاتوون گەنجی نەخوێندەوارن، ئەو منالانەن کە بەردی یەکەمی ڕاپەڕینیان گرتە فاشیزمی عیراقی بەلام دواجار لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا بێبەشکران لە مافی خوێندن و پێگەیشتن.

ئەم نەوە نوێیە لەکاتێکدا لە کوردستاندا جگە لە چەکداریکردن بۆ حیزبە سیاسیە کوردییەکان و لەداستدانی ژیانیان لە شەڕ و ناوخۆ پیلانی سەرکردەکان بۆ یەکتری، هیچ دەربەزێکی دیکەیان لەبەردامدا نەماوەتەوە، ناچار دەکەونە دوای سیحری ئەو وێنەیەی ڕۆژئاوا بەدەرەوەی خۆی دەدات، دوای وەهمی دەوڵەمەندبوونێکی خێرا، دوای وێنەی بەهەشتی حەساندنەوە و ئاسودەیی. بێگومان کاروکردەوەی بەشێک لەو کەسانەی لە ئەوروپاوە بەرەو کوردستان گەڕانەوە و ئەو وێنە هەڵەیەی ئەوانە بەخەڵکی کوردستانیان داوە لەم ڕوەوە ڕۆلێکی کاریگەری گێراوە.

شوێن و جێی گەنجی هەڵاتووی نەخوێندەواری کوردی عێراق لەناو دنیای بە کۆمپیوتەر تەنراوی ڕۆژئاوادا شوێن و جێی مرۆڤێکە سادەترین شتێک کە نەیبێت ئایندەیە، مرۆڤێک لە دەرەوەی زەمەن و مێژوو و ڕووداوەکاندا دەژی. بۆئەوەی ئەم وێنەیە زیاتر لە خوێنەری کورد نزیکبکەینەوە ناچارین دەست بۆ ئەو ئەرشیفە کۆمەڵایەتیە ببەین کە لەزەینی زۆربەماندا زیندوە، وێنەی میسریەکان لە عێراقدا. بێگومان بارەدۆخ و شوێنی کۆمەڵایەتی میسرییەکان لە عێراقدا لە زۆر ڕوەوە لە شوێن و جێی کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری پەناهەندەی کورد لە ئەوروپا باشترە، هیچ نەبێت زوربەی هەرە زۆری میسرییەکان لە عێراقدا ئیشکەربوون و بە کارێکەوە خەریکبوون کە هەم خۆیان و هەم ئەو خێزانانەشیان پێ بەخێودەکرد کە لە وڵاتی خۆیان بەجێیانهێشتبوون. لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری پەناهەندەی کورد لە ئەوروپا بێ ئیشە و پارەی یارمەتی و خێرانەی دەوڵەتە ئەوروپیەکان نەبێت ژیانیان دەکەوێتە بەر مەترسیەوە. بەکورتی مەسەلەی پەناهەندەی کورد لە ئەوروپا بابەتێکە پێویستی بە گرنگپێدان هەیەو وا باشە

هەڵقەی دیراسی و کۆڕ و کۆبوونەوەیان دەربارە بکرێت، ئێمە لێرەدا سەرنجی هەموان بۆ ئەم بابەتە گرنگە ڕادەکێشین.

**دەستەی نووسەران**

## ژماره ١٩٩٨/٦

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

## ناواخن

هەڵوێستە — دەستەی نووسەران

یادەوەری و زەمەن — بەختیار عەلی

سەرەتایەک لە تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی — ئاراس فەتاح

وێڵستگا نوێگەرەکان: بەرەو ڕەخنەی نهلیزمی کوردی — بەکر عەلی

بەجیهانیکردن: بە مەکدۆناڵیزەکردن و زەبروزەنگ — ڕێبوار سیوەیلی

لە قەیرانی حەقیقەتەوە بۆ گومانەکانی پرسیار — ڕیبین ئەحمەد هەردی

نوخبەی سیاسی... لە پرۆسەی منی مێژوویی و ستراتیژییەکانی نێرڤۆسدا — ئیسماعیل حەمەئەمین

کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا — گارا

ڕەهەندەکانی مانا — ئارام کاکەی فەلاح

ژان پۆل مارتۆز: هەقتە بزانی؟ — و: شێرزاد حەسەن

لە ڕۆشەنگەرییەوە تا ڕۆشنبیریی — و: ئۆمێد

دوو دەوی فەلسەفی ژان پییێر ڤرنانت — و: هەندرێن

ئاوێنە بچۆلەکان

## هەڵوێستە

سەدساڵ لە نائومێدی

ئەمســـاڵ ســـەد ســـاڵ بەســـەر دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا تێدەپەڕێت. ئەم بۆنەیە بۆ زۆربەی ناوەندە ڕۆشـنبیریی و کولتوورییەکانی ئێمە بەهانەیەکی شـاهانەبوو، تاوەکو ئاهەنگی گەرم بگێڕن و فیسـتیڤاڵی گەورە سـازبکەن و وتاری ڕۆمانسـی لەسـەر قارەمانەکانی ڕۆژنامەگەری ئێمـە بخوێننـەوە. ئەوەتـا هـەندێکیان تـا پلـەی خومـاربوون شانازی بە شکۆی ئەم یادەوە دەکەن و هەریەکەشیان بە یادی خۆی دەزانێت و خۆشی بە درێژکراوەیەکی ڕەسەن و ڕەوای ئەو مێژووە لەقەڵەمدەدات.

جێی داخە، کە ڕووبەری سـەرەکی ئەم یادانە حیکایەتخوانی و پەخشـان-بێژی دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەگەریێتی کوردی پاوانیانکرد، ئەمســـاڵیش وەک ســـاڵەکانی دیکە هەمان زنجیرە ووتار دوبارەکرانەوە کە خەسڵەتی سەرەکییان تەنها ستایش و نمایش بوو.

ئێمە بێئەوەی هیچ لە نرخی مێژوویی ئەم نمایشـە کەمبکەینەوە و بێئەوەی هیچ لە نرخە ڕۆشـــنبیرییەکەشـــی زیادبکەین، دەمانەوێ ئەم بۆنەیە بکەینە بەهانەیەکی بچووکی ڕاوەستان لەسـەر واقیعی ڕۆژنامەگەریێتی ئەمڕۆمان و هەندێ سـەرنجی خێرا دەربارەی کێشە و قەیرانەکانی ئەم بزاوتە گرنگە بخەینەڕوو.

سـەرەتا، ئەوەی جێگای سـەرنجە ئەوەیە' ئێمە گەرچی کۆمەڵێک نووسـەر و ڕۆشنبیرمان هەیە، کە پســـپۆر و تایبەتمەندی کارامەی ئەم بۆنانەن و دەســـتێکی وەســـتایانەیان لە دروســـتکردنی بۆنە و ســـزادانی یاد و یادهێنانەوەدا هەیە، کەچی بەداخەوە یادی ســـەد ســـاڵەی ڕۆژنامەگەری لەبری ئەوەی ببێتە مایەی ســـەرهەڵدانی شـــەپۆلێکی نوێ لە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە واقیعی ڕۆژنامەگریمان، تەنها لە ســـنووری ئاهەنگ و ســـتایشـــبازیدا گیریخوارد و شـــێوازێکی ڕەخنەییانەی ڕادیکاڵی بەخۆیەوەنەگرت، کە لە جۆرە بۆنەیەکی وادا لە هەموو ســـتاییشـــکردنێک جوانتر و پێویســـتتر و بەکەڵکترە. لەم بوارەدا ئەگەر ڕەخنەیەکیش بەرچاوکەوێت، ئەو جۆرە ڕەخنە شـــەرمن و ڕووکەشـــانە بوون کە لە قوڵاییدا جەوهەری کێشە و قەیرانەکان وەک پێویست بەرجەستەناکەن.

ئێمە لێرەدا بانگەشەی دارشتنی ئەو جۆرە ڕەخنەیە ناکەین، بەڵکو هەندێک سەرنج هەیە کە بە پێویستی دەزانین هاوشان بەم یادکردنەوەیە بیخەینەڕوو، تا لە یادێکی وادا پتر وێنەیەکی واقعیمان دەربارەی ڕۆژنامەگەری خۆمان لەبەرچاوبێت و باشتر لە کێشەکانی ئەو بوارە تێبگەین، کە بەداخەوە زۆرجار لەبەر چەندەها هۆی جیاواز، ناونانی ئەم گرفتانە بۆتە کارێکی نابەجێ، بەڵام بۆئەوەی تا قیامەت خەریکی شاردنەوە و بەهانەداتاشین نەبین بۆ ئەو کێشانە، پێمان باشە هەندێ لەو سەرنجانە لە چەند خاڵێکی زۆر خێرا و بە شێوەیەکی زۆر گشتی، بەم جۆرە دەستنیشانیدەکەین:

١- گەرچی ڕۆژنامەگەری لە جەوهەردا، هۆیەکی گواستنەوەی دەنگوباس و گەیاندنی ڕوداوەکانە. ڕۆژنامەگەرییەک لە دونیا نییە بەبێ ڕاپۆرت و شیکردنەوەی ڕاستەوخۆ و تایبەت لەسەر هەواڵەکان، کەچی ڕۆژنامەگەریی ئێمە لەم سەدەیەدا بەگشتی و لە ئێستاشدا بە تایبەتی، ڕۆژنامەی هەواڵی گەرم و ڕاپۆرتی زیندوو و دەنگوباسی نوێ نەبووە، بەردەوام هەواڵەکان بە ساردی و مردوویی گەیشتوونەتە سەر ڕووپەری ڕۆژنامەکانی ئێمە. هۆکارەکانی ئەم سستییە هۆی ئاشکران و دەشێت هەندێک جاریش لە دەرەوەی دەسەڵاتی کادێری ڕۆژنامەگەریی کوردی خۆیدا بووبێت، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە، هەستنەکردە بە دەرئەنجامە کوشندە و پڕمەترسییەکانی ئەم دیاردەیە و هەوڵنەدانە بۆ بەرگریگرتن لە تەشەنەکردنی ئەنجامەکانی، چونکە ونبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خوێنەران و هەواڵ کارێکی کردووە کە ڕۆژنامەگەریی ئێمە بەدەگمەن نەبێت، ڕۆڵێکی نەبێت لە فراوانکردنی ئاسۆکانی زانین و بینینی خوێنەراندا و بەڕێکەوت نەبێت ڕۆڵێکی نەبێت لە فراوانکردنی ئاسۆکانی زانین و بینینی خوێنەراندا و بەڕێکەوت نەبێت ڕۆڵی یاریدەدەرێک نەبینێت بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. ئەم حاڵەتە وادەکات ڕۆژنامەکانمان هۆکاری چەقین و نوقومبوون بن لەناو سنووری ڕووداوە ناوخۆییەکاندا و پەنجەرەیەکیان تیا نەبێت کە خوێنەری ئێمە ژیان و سیاسەت و مێژوو لە ئاسۆ گەورە و کراوەکانیاندا ببینێت.

ونبوونی هەواڵ، شکاندنی پردێکی گرنگە لەنێوان خوێنەر و ساتەوەختی خۆی و خوێنەر و دەوروبەری خۆیدا، کە دەبایە بە ستراتیژێکی وورد و هوشیارانە

پڕبکرایاتەوە، بەڵام بەداخەوە ســـتافە ڕۆژنامەگەرییەکانی ئێمە هەرگیز لە بیری دارشتنی ستراتیژێکی ئەلتەرناتیڤدا نەبوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

٢- ڕۆژنامەگەری ئێمە بەدەگمەن نەبێت نەبۆتە کەناڵی ئاگادارکردنەوەی خوێنەران لەو ڕووداوە ڕۆشــنبیری و فیکرییانەی، لە دەرەوەی ئێمەدا ڕوودەدەن. جیهانی ڕۆشـــنبیریی دەرەوە، هەموو بزاوت و هەمەڕەنگی خۆیەوە، ڕێگایەکی بۆ ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانمان نەدۆزیوەتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیەش زۆربەی کات کەم و زۆر پەیوەندی بە ســانســۆری ســیاســییەوە نەبووە، هێندەی بە هۆی بێئاگایی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەران خۆیانەوە بووە لە دونیای دەرەوە و لە مانا و ناوەڕۆکی ئەو ڕووداوانە. بە کورتی ڕووبەری کاری ئەم ڕۆژنامەگەرێتییە زۆر لەوە بچوکترە کە خوێنەرەکانی خۆی لە جیهان و دەرەوە ئاگاداربکاتەوە... بۆیە خوێنەری کورد بەردەوام بۆ زانین و ئاگاداریی لەسەر شتە بچوکەکانیش پێویستی بە ڕۆژنامە بێگانەکان هەبووە و دەبێت.

٣- ڕۆژنامەکانمان، چ جا لە ســایەی دەوڵەتانی داگیرکەردا بڵاوبووبێنەوە، یان لە هەلومەرجی ئازادی ناوخۆ و دەرەوەدا چاپ کرابێتن، هەمیشــە بەدووربوون لە دەرخســتنی کێشــە ڕۆژانەکانی مرۆڤی کورد، دووربوون لە نیشــاندانەوەی خواست و ئازارە سەرەتاییەکانی ئەم مرۆڤە، هەرگیز ئەو ئاوێنەیە نەبوون کە لە کۆمەڵگای ئێمە بتوانێت لە ڕێگایەوە خۆی خۆی ببینێت و خۆی خۆی بناسێت و خۆی لەسەر خۆی بخوێنێتەوە.

ڕۆژنامەکانمان تا ساتێک لە سایەی داگیرکەراندان، لە ژێر زەبری سانسۆری دەوڵەتدا بوون، لەبەر دەیەها هۆی ئاشــکرا نەیانتوانیوە دەرهەق بەو ئازارانە بێنەزمان، ئەگەر لە ســایەی هەلومەرجی ئازادیشــدا چاپبووبێتن، زۆر جار ڕۆژنامەنووســان پەیامێکی هێندە قەبە و پێغەمبەرانەیان داوەتە خۆیان کە هەمیشــە تیشــکخســتنەســەر ئازارەکانی ئەم مرۆڤە لە بەردەم ئەرکەکانی ئەو پەیامەدا بچوک و کەم بەها نرخێنراون.

ڕۆژنامەکانی ئێمە زۆربەی کات بەدووربوون لەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە لە ئاســتە بچوک و نازکەکەیدا ڕۆشــنبکەنەوە، تا لەودیویەوە کۆمەڵگایەک دروستبکەن کە بەشە جیاوازەکانی یەک ئاگاداری ئەوی دیکە بن، چونکە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەرێتی ئەوەیە کە بەشــەکانی کۆمەڵگا لە ژیانی

یەکتدی ئاگاداربکاتەوە، گرفتەکانیان بەیەکتریان بناسێنێت و کێشە تاکەکان "فەردەکان" بخاتە ناو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە گەورەکەوە.

٤- رۆژنامەگەریتی ئێمە لە ئاست کێشەکانی دەرەوەدا لە ئیفلیجییەکی سەرتاسەریدا دەژی. ئێمە بە دەگمەن ڕۆژنامەنووسمان هەیە بتوانێت بە کارەکتەری فیکری خۆی، بە زمانی ڕۆژنامەگەرییانەی خۆی، بە شارەزاییەکی قووڵەوە لەسەر کێشەکانی جیهان بدوێت. دەیەها کێشەی گەورە لە جیهان دێت و تێدەپەڕێت، ڕۆژنامەگەری کوردیش بچووکترین ئاستی ناساندن و زانیاری دەربارەی ئەو کێشانە بە خوێنەرانی خۆی ناڵێت، دەیەها ڕووداو و کارەسات لەملاولای جیهان گڕدەگرێت، کەچی کورد سەرەڕای بوونی دەیەها کەس کە خۆیان وەکو ڕۆژنامەنووس دەناسێنن، یەکێکیان تێدا نییە جەمسەرە بچوکەکانی ئەو ڕووداوانە بۆ خوێنەران شیبکاتەوە، تەنانەت هەتا وەرگێڕان یان ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکیش لە ڕۆژنامە بیانییەکانیشەوە لە حەوسەڵەی ڕۆژنامەگەرانی کوردا نەبووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی چاوێک بە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بخشێنێت، دەزانێت کە ئەم ڕۆژنامانە گەیاندن و ناساندنی بارودۆخی جیهانیان نەکردۆتە کێشەی خۆیان، شیکردنەوە و نیشاندانی پاشخانەکانی ڕووساوەکانی جیهانیان نەکردۆتە وەخیفەی خۆیان... کێشەیەکی وەک (بۆسنە) سەرهەڵدەدات و گڕدەگرێت و دەسووتێت، بەڵام لە هەموو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چەند وتارێک نادۆزینەوە لەسەری، چەندین سیستەمی سیاسی و ئابووری هەرەسدەهێنن و گەشەدەکەن، ڕۆژنامەی کوردیش وەک ئەوەی لەسەر ئەم ئەستێرەیە نەبێت، بەبێدەنگی بەلای هەموو کێشەکاندا تێدەپەڕێت، سەدان هەزار کەس لە وڵاتێکی وەکی (ڕواندا)، لە شەڕی ناوخۆدا کۆمەڵکوژدەکرێن، کەچی خوێنەری کورد ناتوانێت لە ڕێگای کەناڵە تایبەتەکانی خۆیەوە بچووکترین زانیاری لەسەر پاشخانی ئەو ڕووداوانە بزانێت. ئەم بێئاگاییە تەنها بێئاگایی نییە دەرهەق بە کێشە دوورەکان، بەڵکو بێئاگاییە دەرهەقە بە کێشە زۆر نزیکەکانیش، ئەمرۆ لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا دەیەها کێشەی گرنگ لەیەککاتدا لەوپەڕی تین و بڵێسەدان، هەر بۆ نموونە لە ئێستادا، کێشەی فەڵەستین، هاتنەسەرکاری خاتەمی، ئەزمونە ئەتۆمییەکانی هیند و پاکستان کێشەی زیندوون و هەمووش دەزانین لە ڕۆژنامەگەری دونیادا چ کۆڕێکی گەرمیان هەیە، کەچی لای ئێمە کە لەهەرکەس زیاتر لەو ڕووداوانە

نزیکین، نە هیچی خوڵقاند و نە هیچی بزواند، لە کاتێکدا دەبایە ئێمە لە مێژە خاوەن پســـپۆڕی ڕۆژنامەگەری خۆمان بووینایە کە تایبەتمەندی فەڵەســـتین یاخود ئێران یان کێشە گرنگەکانی تری ناوچەکە بن.

ئەم کێشـەیە تەنها پابەندی کێشـە دوور و ناوچەییەکانیش نییە، بەڵکو سـروشـتی ســـەیرکردنی ڕۆژنامەگەری ئێمەیە بۆ کێشـــەکانی ناو عێراقیش، بۆ نموونە لە هەموو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا مەگەر بە دەگمەن وتارێک بدۆزینەوە لەســـەر کێشـەکانی سـیسـتەمی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یاخود تەندروسـتی لە عێراقدا، دەیان ڕووکاری گرنگی ژیان لەو وڵاتەدا هەیە کە دەکرا ڕۆژنامەگەری ئێمە ببنە کەناڵێکی گرنگی ناســـاندن و کۆکردنەوەی زانیاری ورد دەربارەیان، بەڵام ڕۆژنامەگەریی ئێمە لەم ڕووەوە بیابانێکی گەورەیە تینوێتی هیچ خواستێکی زانین ناشکێنێت.

٥- بەوەدا کە ڕۆژنامەگەری ئێمە زۆربەی کات لە هەناوی حیزبدا یان لە پاڵ حیزبدا لەدایکبووە، لەبری ئەوەی ببێتە ڕووبەری یەکخســـتنی دەنگەکان، کەچی لەپاڵ سـیاسـەتدا بووە بە هۆکاری هەرچی زیاتر هەلاهەلاکردن و پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگای ئێمە.

ملکەچیی ڕۆژنامـەگەریی ئێمـە بۆ لۆژیکی حیزب و دژەحیزب کارێکی کردووە کە زمان بوغز و کینە ببێتە زمانی ڕۆژنامەگەریی. ئەوەی لە ڕۆژنامەگەریی ئێمە زۆرجار بە "ئازادی تەعبیر" ناودەبرێت، ئازادی دەربرینی تۆڵە و کینە و ڕقە. ئەو درزانەی کە ســـیاســـییەکان لە جەســـتەی ئێمەدا دروســـتیانکردووە ، ڕۆژنامەکان کردوویانەتە کەلێنی کوشـــندە. ڕووبەرێک نییە لە ڕۆژنامەگەریی ئێمەدا کینەی لێنەتکێت. جێی داخیشـــە، کە بڵێین، ڕۆژنامەگەریی ئێمە هەرگیز هۆکاری یەکخستن نەبووە، زۆربەی ستافی ڕۆژنامەکان لەسـەرەوەڕا دروشـمی یەکگرتنەوەی نەتەوەییان بەرزکردۆتەوە ە لە ژێرەوەڕا خانەخانە و گروپ گروپ و فەرد بە فەرد، جەستەیی کۆمەڵایەتی ئێمەیان دابەشکردووە.

ڕۆژنامەگەریی ئێمە لەبری ئەوەی گەشـــە بە زمانی فیکریی جیاوازییەکان بدات، جیاوازییەکانی گۆڕیوەتەوە سـەر هۆکاری تەقاندنەوەی شـەرانگێزی و ڕقکوێری. هیچ شـــتێک لە جیاوازی جوانتر نییە، بەڵام ئەو بوغزەی لە ڕۆژنامەگەریی ئێمە دەتکێت، گەرچی بەنـاوی ئـازادی و جیـاوازییـەوە دەدوێت، لـە جـەوهـەریـدا بـە ئاراســـتەی ســـڕینەوەی هەموو جیاوازییەکان کاردەکات. ئەمەش یەک مانا

دەبەخشێت: ئێمە خاوەنی ڕۆژنامەگەرییەكی سەربەخۆ نین كە ڕەچاوی ڕێسا و یاساكانی ڕۆژنامەگەرێتیی ئازادبكات.

٦- ئەگەرچی تادێت ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی كە بە دەمامكی "ڕۆژنامەی سەربەخۆ"وە دەردەچن هەر لە زیادبووندان، بەڵام ڕۆژنامەگەریی كوردیی، تا دێت پتروپتر وەكو سەكۆیەكی سیاسی و ئایدۆلۆژی ڕووت كاردەكات. ئەمەش بۆخۆی پتر نیشانەی هەوڵی چەند ئیلیتێكی (نوخبە) نوێیە، كە دەیانەوێت جێگاپێیەكی تریان لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا هەبێت و لەوێشەوە خوازیاری وەدەستهێنانی شوێنگەیەكی كۆمەڵایەتی ترن.

گۆرینی ڕۆژنامەگەریی بۆ چەكێكی نوخبەوی، لە جەوهەردا پرۆسەیەكی ئیجابییە و گەلێ مانای پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام بە مەرجێك ئەو نوخبانە سنووری سیاسی و ڕۆژنامەگەرییە حیزبییەكان بەراستی ببەزێنن لە ئاستێكی دیكە و بە شێوەیەكی دیكە كاربكەن. بەڵام كە ڕۆژنامەگەرێتی تەنها وەكو چەكی بەدەستهێنانی قازانجی سیاسی و كۆمەڵایەتی زیاتر بەكاربهێنرێت، ئەوا ئەم ڕۆژنامانە برێكی زۆر لە ڕاستگۆیی خۆیان لەدەستدەدەن. ئەمرۆ بۆتە تەقلیدێكی سەیر كە ڕۆژنامە بۆ دەستەیەك زەمینەخۆشكەری زاوزێكردنی سیاسی، یان خۆموتوربەكردن بێت لە حیزبەكان، یاخود لە پاكترین حاڵەدا كەرەستەی دروستكردنی "لۆبی فشار" بن، كە زۆرجار فشارەكەیان لە پێشكەشكردنی(ئەرزوحاڵی مۆدێرن) تێناپەڕێت.

بێگومان گواستنەوە لە ڕۆژنامەگەریی حیزبەوە بۆ ڕۆژنامەگەریی نوخبە كۆمەڵایەتیەكان، هەنگاوێكی زۆر گرنگە، بەمەرجێ ئەم شێوە ڕۆژنامەگەرییەش ئەو جەستە ناكامڵە نەبێت، كە دەیەوێت بگاتەوە بە كەماڵ و جەلالی حیزب، بەڵكو تەعبیربێت لە دیوێكی دیكەی دونیابینین و هاوشانبێت بە سەیركردنكی دیكەی كێشەكان... بە مانایەكی دی، بەرهەمهێنەری كولتوورێكی نوێی جیاواز بێت لە كولتووری حیزب.

٧- رۆژنامەگەریی ئەمرۆی ئێمە، لە ڕوپێوی هەرە گەورەیدا، ڕۆژنامەگەریی هەڵوێستە، هەر پێشهاتێك لە كوردستان هاتە پێشێ، (ئەگەرچی لە كوردستان سەدەیەكە پێشهاتی دووبارە و سەدبارە ڕودەدات و ڕودەداتەوە) دەبێت هەموو هەڵوێست وەربگرین. نووسینی وتارێكی هەڵوێستهەڵگریش باشترین دەرفەتە بۆ بوون بە "ڕۆژنامەنوسێكی نایاب". بە ئەندازەیەك، لە ڕۆژنامەگەریی ئێمەدا(چ لە

ناوەوە و چ لە دەرەوە) ئەوەی هەڵوێستی هەبوو، دەکرێت ببێتە ڕۆژنامەنووس، واتا هەڵوێســـتوەرگرن دەرفەتێکە و لە ڕێگایەوە دەشـــێت مرۆڤ شـــوناســـی ڕۆژنامەنووســـیی وەربگیرێت. ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووســـی مەرج و توانا و پرەنســـیپ و زانینێکی دیاریکراوی دەوێت، کە لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەدا نییە کە بە تەنها لەسەر وەرگرتنی هەڵوێست دەژین.

هەڵبەت ئێمە دژی هەڵوێست نین و ستایشی بێهەڵوێستیش ناکەین، بەڵام ئەوەی جەوهەری هەڵوێســـت دیاریدەکات چۆنیەتی زمان و تێزەکانی هەڵوێســـتە. ڕۆژنامەگەرییەکیش کە ســـروشـــتی خۆی، وەکو هۆکارێکی نزیکبوونەوە و لە ڕاستی و دروستکەری ڕۆحێکی مەوزوعییانە دۆڕاند و کەوتە بەرلێشاوی ئەو قەڵەمانەوە، کە هەڵوێستی سیاسییان تاکە شانسی ژیان و مانەوەیانە، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەشێکی گەورەی سەنگ و قەوارەی خۆی دۆڕاندووە.

٨- تا ئەم ساتەش بۆ ئێمە ڕوون نیە، کێ ڕۆژنامەنووسە و کێ نووسەر؟ ونبوونی شوناسی ڕۆژنامەنووس، پاشاگەردانییەکی سامناکی لەو بوارەدا دروستکردووە.

بە حوکمی ئەوەی زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکانی کوردستان ئۆرگانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی حیزبەکان بوون، دیاریکردنی سنووری جیاکەرەوەش لە نێوان کادێری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووســـدا کارێکی گەلێک ئاڵۆزە، گەر نەڵێین ئەســـتەمە... زۆرجار، بوون بە کادێری ڕاگەیاندن مەرجی یەکەمە بۆ بوون بە ڕۆژنامەنووس و هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، ڕۆژنامەنووســـیی کورتترین و ســـادەترین ڕێگایە بۆ بوون بە کادێرێکی باڵای ڕاگەیاندن!. ئەم دۆخە وایکردوە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە زۆر ئاستدا هەموو مەوزوعییەتی خۆی لەدەستبدات و کاراکتەری خۆی بەتەواوی بدۆڕێنێت و ببێتە پاشـــکۆیەکی دەزگاکانی حیزب. بۆیە ڕۆژنامەگەرێتیی لای ئێمە هێندەی کەرەســـەیەکە بۆ خۆناســـاندنی حیزب و نوخبە ســـیاســـییە دەمامکدارەکەی، ئەوەندە دەروازەیەک نییە بۆ ناســـین و تێگەیشتن لە جیهان.

ونبوونی شـوناسـنامەی ڕۆژنامەگەریش، وەکو پیشـە و زانسـت، بە پێویسـت دەبێتە مایەی ونبوونی شوناسی ڕۆژنامەگەرێتیی بە گشتی.

٩- دیاردەیەکی دیکە ئەوەیە کە زمان و دیدی ڕۆژنامەگەرییانە لەمرۆی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بونەتە زمان و دیدی باڵادەســـت، بەشـــی هەرە زۆری قســـەکانی ئێمە لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە دەکرێن، زۆرجار گۆڤارەکانیشـــمان هەر ڕۆژنامەبوون و

به شـێوەیەکی دی مۆنتاژ کراون، ئەم حاڵەتە دۆخێکی تراژیدی دروسـتکردوە و بوەتە مایەی ســــەروەرییەکی ڕەهای زمانی ڕۆژنامەنووســــی لە هەموو کایە فیکری و ڕۆشـنبیری و مەعریفییەکانی دیکە، تەنانەت لەناو ئەدەبیشـدا کە زمان دەبێت دواهەمین سنوورەکانی ئازادی خۆی بژی.

هەڵبەت زمان زمانی فیکر و زمانی ڕۆژنامەگەریی دوو شــتی لە یەکجودان، دژایـەتییـان لـە تـەبـایی و تـەکولۆییـان لـە هـاویـەکی زیـاترە، بـەڵام ئـەمرۆ ڕۆژنامەگەران سیستمێکی ڕۆشنبیرییان دروستکردووە کە تیایدا، بەجوانڕاگرتن، بەپاکناسـاندن و بە بەرزوەسـفکردنی زمانی ڕۆژنامەگەرێتیی، سـتراتیژی هەرە گەورەی ئەم سیستمەیە.

ســــەپاندنی زمانی ڕۆژنامەگەریی، وەکو تاکە شـــێواز و تاکە زمان و تاکە ســــەرچاوە، بە تەســـکبوونەوە و کوشـــتنی زمانەکانی دیکە دواییدێت... زیانی گەورەش لەم نێوەندەدا بەر زمانی فیکر و فۆرمە ئەبســتکراکتەکانی بیرکردنەوە دەکەوێت.

ڕۆژنامەگەریی ئێمە تا ئەمرۆ بە زمانێکی دیاریکراو دەنووسـێت و سـتاییشـی زمانێکی دیاریکراویش دەکات، لەمڕووەوە ڕۆژنامـەکانی ئێمە هـەموو تـەبان و چوونیەکن و جیاوازییان لە نێواندا نییە، دەرەنجامی ئەمەش زمانی کوردی بە پێچـەوانەی زۆربـەی زمـانـەکـانی دیکـەی دونیـاوە بۆتـە تـاکـە زمـانێـک کـە ڕۆژنامەکانی پلەبەندی ناکرێن و شـێوەزمانی جیاواز سیستمی جودای تەعبیری تیابەکارنایەت. ئەم شــێوەزمانەش دواجار خوێنەری تەمەڵ دروســتدەکات کە خوازیارن بەردەوام گوێیان لە شتە زانرا و دووبارەبووکان بێت، خوێنەرانێک لە مێژە تەنها بە یەکجۆر زمان قسـەیان بۆ دەکرێت و بەیەک شێوازی تەعبیرکردن ڕاهاتوون. ڕۆژنامـەگـەریی ئێمە گەورەکردنی ئەو کەلێنەیە کە لە نێوان فیکر و خوێنـەردا هـەیـە، وەســـتـانـدنێکی زۆرکـارییـانـەی گـەشــــەی خوێنـەرانـە و ئارەســتەکردنیانە بەرەو چێژنەکردن و تێنەگەیشــتن لە هەموو ســیســتم و شێوەزمانەکانی دیکە

-١٠ بەشـی هەرە گەورەی ڕووبەری ڕۆژنامەگەریی ئێمە بەرهەمی دیدی ئەو پیاوە سـیاسـی و کامڵانایە کە بۆچونەکانی خۆیان کردوە بە نێوەندی(سـەنتەر) هـەموو دیدەکان. ڕۆژنامـەگەرێتی ئێمـە لـە بنـەڕەتدا، پێکهاتێکی "پیاوســــالار"، "گەورەســالار"، "سـیاســەتســالار"ە، جیهانبینینیەکی گەنجانە - لاوانە یان مێینە

یاخود ناسـیاسـیانه نەگەیشـتۆتە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانمان، بە ئەندازەیەک بڵاوکراوەکانی ژنانیش هەر بە لۆژیک و زمانی ئەو جۆرە دیدە دەنووسـن. ڕۆژنامەگەریی ئێمە لە هێزە پەراوێزییەکانی ناو کۆمەڵگا و لە بابەتە پەراوێزییەکان نادوێت، ویست و بابەتەکانی خۆشی زۆرکارانە دەسەپێنێت، بە مانایەکی تر ڕۆژنامەگەریتی ئێمە ئەو پانتاییەیە کە تیایدا هەموو سـانسـۆرە نهێنی و ناوەکییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە چالاکترین شـێوە لە کاردایە، تاکە شـێوەیەکی سـانسـۆر کە لە ڕۆژنامەگەریی ئێمە نییە، سـانسـۆری مەعریفی و سـانسـۆرە لەسـەر پەلاماردانی شـەخسـی، لەمڕووەوە هەرچییەک بنووسـیت بە ئاسـانی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە بۆ بڵاوکردنەوە... "ئازادی" لە عورفی ئەم ڕۆژنامەگەریتییەدا بەگەرخستنی هەموو سـانسـۆرە کۆمەڵایەتییە ناوەکییەکان و هەڵگرتنی هەموو سانسۆرە مەعریفییەکانە.

١١- لە دەرەوەی خودی ڕۆژنامەگەریی، بارودۆخی ئەو هەوڵاندانانەی کە بۆ دروسـتکردنی "یەکێتی ڕۆژنامەگەران" دەدرا و دەدترێت، لە دۆخێکی باشـتردا نییە. ئەم یەکێتییەش وەکو هەموو جۆرە یەکێتییەکانی تر، کووشـتەی ئەو ڕۆحە حیزبییەیە کە لە پشـتێتی، کە دیارە بەرلەوەی مەبەسـتی پێشـخسـتنی بزاوتی ڕۆژنامـەگـەریی و گـەورەکردنی ڕووبـەری ئـازادی فیکر و چـەسـپـاندنی کولتوورێکی نوێ بێت، مەبەسـتی کێشـکردنی ڕۆژنامەنووسـانە بۆ ژێر چەتری سیاسی دیاریکراو. لەم دۆخەشدا، وەکو هەمیشـە، کەسانی بێبەهرە و ئیفلیج، لە هەمان کاتیشـدا چێنراو هەأبژێردراو لە لایەن دەسـتە و حیزبەکانەوە کۆنترۆڵی ئەم دەزگایانە دەکەن. ئەم حاڵەتە کارێکی کردووە کۆبوونەوە و فیسـتیڤاڵەکانی ئـەم جۆرە دەزگـایـانـە پتر نمـایشـی پڕوپووچ بن، کـە تـائـەمڕۆ نـەیـانتوانیوە بچوکترین دەستکەوتی گرنگ و پۆزەتیڤ بەدەستبهێنن، لە ڕاستیدا ئەم هەوڵانە درێژکراوەی کـاری ئـەو نوخبـە "کۆنگرەچی" و "فیسـتیڤاڵبـاز"ە تـازەیـەیـە کـە ڕۆشنبیریی ئێمە بەرهەمیهێناوە و، تەنها مەبەستی ئەوەیە، لەسەر مینبەرەکان و لەسـەر شـاشـەی تەلەفیزیۆنەکان دەرکەوێت و هیچ لێپرسـراویەکی گەورە و جەوهەریشـی لە ئەسـتۆ نەگرتووە و هیچ کولتوورێکی نوێشـی، وەکی ئەوەی خۆی بانگەشەی بۆدەکات، بەرهەمنەهێناوە.

١٢- ڕۆژنامەگەریی دەرەوەی وڵاتیش، گەرچی پەیوەندییەک و کۆنتاکتێکی زۆر بچووک و سـنووورداری بە ناوەوەی وڵاتەوە هەیە. لە بری ئەوەی لە

ســــنووری ڕۆژنامەگەریی جالیەییدا کاربکات و ببێتە مینبەرێکی کولتووری (بە مانا گشــتییەکەی کولتوور) بۆ ئەو جالییە بچووک و ســەرگەردانەی تاراوگە، لە بری ڕێزگرتنی قەوارە و کاریگەری سنوورداری خۆی، بەردەوام لە هەوڵداندایە بۆ پرۆژەی سیاسی قەبە و خەو بەوە دەبینێت کە ببێتە ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی. لەم ئاســتەدا هەســتدەکەین کە ڕۆشــنبیران و ڕۆژنامەنوســانی تاراوگە (مەنفا) دەبێت لەوە بکەون ڕۆڵی پێغەمبەرێکی ڕاونراو ببینن و پێیانوابێت لە خۆرئاواوە هێزی سیاسی کاریگەر دروستدەکەن بۆ ئەوە ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەکانی ناوەوەی وولات. باشـــترین و ســـاکارترین ڕێگاش بۆ ڕزگاربوون لەو وەهمە ئەوەیە، کە ڕۆژنامەگەریی خۆی لەو پەیامە پێغەمبەرانەیە پاکبکاتەوە و لەوە بکەوێت خۆی وەکو فریادرەسێکی ئاسمانیی تەماشابکات و دابەزێت و وەزیفە ڕاســـتەقینەکانی ڕۆژنامەگەریی و ڕۆشـــنبیریی لە کایە لۆکاڵ و پەراوێزەکاندا پراکتیکبکات و ببێتە کەناڵێک بۆ پێکهێنانی کولتورێکی نوێ لە تاراوگە.

***

بێگومان دەکرێت دەیەها تەوەری دیکەی باس بۆ قســـەکردن لەســـەر ڕۆژنامەگەریی کوردی دیاریبکەین، لە پشــت ئەو تێبینییانهشـــەوە مەبەســـتمان تەشـــەرگرتن و تاوان دابەشـــکردن نییە دڵنیاشـــین کە چەندەها کەس بە گیانی دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە لەو بوارەدا کاریانکردهووە و کار دەکەن.

ئێمە پێمانوایە، ڕۆژنامەگەریی کوردی دەبێت بە هووشـــیارییەکی دیکە پێبخاتە ســـەدەی دووهەمی تەمەنی خۆی. دەبێت بەرامبەر کێشـــە و ناکۆکییەکانی و میکانیزمەکانی کارکردن و وەزیفەکانی خۆی بەئاگابێت، بەردەوام بە جۆرێ ڕەفتارنەکات، کە ئەم ســیســتم و شــێوەکارکردنەی ئەمرۆ بێگەرد و واقیعی و عەقڵانییانەیە و گەڕان بۆ کولتوورێکی دیکەی ئەلتەرناتیڤ بە کولتووری ئەمرۆ نابەجێ و ناڕەوایە!

ئێمە پێمانوایە، ئەو ســـتایش و شـــانازیکردنەی لەو چەند مانگەی پێشـــوودا بیســـتمان و خوێندمانەوە و هەســـتمان پێکرد لە جێگای خۆیدا نییە. ئێمە پێویســـتمان بە ئازادی و بەرچاوروونی پتر هەیە، تا خەوشـــەکانمان ببینین و درێژە بەو مێژووە نەدەین، کە لە هەندێ جێگەدا ڕووبەری "درۆ لەگەڵ خۆداکردن" بە ئەندازەیەک باڵادەست و گەورەیە، کە شێوەی یەقینی وەرگرتووە و پانتایەکی بۆ گومان نەهێشتۆتەوە...

## دەستەی نووسەران

- بەشی یەکەمی پانۆراماکە لە لایەن هەریەک لە هاوڕێیانمان (ڕۆزا شێخانی، حەمە هیوا و ژیار ئەسوەد)ەوە تایپ کراوە.